# ئەلێکسەندەر ئەرۆنسۆن

" کاک ئەسکەندەر"

لە کەمپی نازییەکانەوە بۆ بەرپەتی سێدارەی بەعسییەکان

پەرستارێکی هۆڵەندی یان سیخوڕێکی ئیسر ائیلی لەکوردستان؟!



پ . دکتۆر یاسین سەردەشتی

سلێمانی /٢٠٢٤

## خوێنەری ئازیز:

ئەم بەرهەمەی بەردەست، هەوڵێکە بۆ دەرخستنی لاپەڕەیەکی ون لەمێژووی باشووری کوردستاندا لەسەروبەندی پەیماننامەی جەزائیرو هەرەسهێنانی جوڵانەوەی چەکدارانانەی کوردستان بەرابەری مستەفا بارزانی. هەوڵێکە بۆ پەردەلادان لە چارەنووسی پەرستارێکی جولەکەی هۆڵەندی بەناوی ئەلێکسەندەر ئەرۆنسۆن، کە لە ئەیلولی ١٩٧٤دا، بۆ کاری فریاگوزاریی و پێشکەشکردنی هاوکاریی پزیشکی بە پەنابەرانی کورد هاتبووە چیاکانی کوردستان و ناوچەی حاجی هۆمەران، ئەوەی کە لەدوای هەرەسی جوڵانەوەی کوردستان، کەوتە دەست سوپای بەعسییەکان و پاش شەش مانگ و نیو لەبەغدا، لەلایەن دادگای سەورەوە بەتۆمەتی سیخوڕیی بۆ ئیسرائیل و راوێژکاریی بۆ مستەفا بارزانی سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێنرا و لە دواڕۆژەکانی ساڵی ١٩٧٥دا، سزاکەی بەسەردا جێبەجێکرا و لەسەرەتای بەهاری ١٩٧٦دا، تەرمەکەی رەوانەی ئەمستەردام کرایەوە.

سەرچاوە بنەڕەتییەکانی ئەم کارە مێژووییە، جگە لە رۆژنامە ئەرشیفییە هۆڵەندی و ئەمریکی و ئوسترالییەکان، ئەو زانیاریی و وێنە ونامانەشن کە کوڕەکەی ئەرۆنسن سەبارەت بە باوکی لە تۆڕی ئەنتەرنێتدا بڵاویکردوونەتەوە و هەروەها ئەو کتێبەشە کە ئالان مێندێلسۆن و جوان میکڵسۆن بە ئینگلیزیی سەبارەت بە ئەرۆنسۆن لەساڵی ١٩٩٢دا، بڵاویانکردۆتەوە. شایەنی باسە، ئەم کارە یەکەمین هەوڵە بەزمانی کوردیی لەسەر ئەرۆنسۆن و چارەنووسی لەکوردستان، هەربۆیە دڵنیام کە گرنگیی خۆی دەبێ و هیوادارم ئەوانەشی ئەوکاتە لەنێو جوڵانەوەی کوردستان چالاک بوون و ماون، هەرچییەکیان لەیادە سەبارەت بەم جولەکە پەرستارە هۆڵەندییە قوربانییە لە تۆڕی ئەنتەرنێتدا لەبیرکراوە، بەهەر شێوەیەک دەتوانن، بیخەنە بەردەستی خوێنەران، بۆئەوەی رووە نادیارەکانی ئەم کەسایەتییە و دوارۆژەکانی ژیانی لەنێو کورددا ئاشکرابێت.

پرۆفیسۆر. دکتۆر یاسین سەردەشتی

٢٦ی تەموزی ٢٠٢٤ / سلێمانی

## ئەلێکسەندەر ئەرۆنسۆن کێیە؟

لیندرت ئەلێکسەندەر ئەرۆنسۆن، جولەکەیەکی هۆڵەندیی باڵابەرزی چوارشانەی قژرەش، کە بە ئەلێکس یان بە لیۆن یاخود لیۆ ئەرۆنسۆن و هەروەها لەرۆژنامەکانیشدا بە ئەلێکس هارون ناوی هاتووە، لە ٢٠ی ئەیلولی ١٩٣٤ لە ئەمستەردام لەدایکبووە. ئەو کوڕی خاتوو سارە نی کۆهین و لیۆ ئەرۆنسۆنە، پێش ئەوەی تەمەنی بگاتە سێ ساڵان، دایبابی لەیەکترجیابوونەتەوە. پاشان باوکی لەساڵی ١٩٣٧ و دایکیشی نۆ ساڵ پاشتر، هاوسەرگیرییان کردۆتەوە. لەساڵی ١٩٤٣دا، ئەلێکس، لەگەڵ دایک و باپیری (باوکی دایکی)، لەلایەن نازییەکانەوە، لە کەمپی سەرەکیی جولەکە کۆکراوەکانەوە لە " وێستەربۆرگ "ەوە، بۆ کەمپی "بێرگن-بێلسن" بەمەبەستی لەناوبردن راگوێزران.

ئەلێکس و دایکی، توانییان بۆ ماوەی دوو ساڵ لەو کەمپەدا بەزیندوویی بمێننەوە، ئەوەش بۆخۆی دەستکەوتێک بوو لەنێو چوارهەزار جولەکەی هۆڵەندی، کە لەو کەمپەدا لەدۆخێکی فرەسەختدا چاوەڕێی مەرگیان دەکرد، ئەوانەی لەکۆتایی دووەمین جەنگی جیهانییدا، تەنیا کەمتر لە سێیەکیان بە زیندوویی مابوونەوە. پێویستە بوترێت کە باپیری ئەلێکس، ئەوەی ئەلێکس زۆر هۆگری بوو و شوێنی باوکی بۆ گرتبۆوە، لەساڵی ١٩٤٤دا، لەم کەمپەدا مرد.

لەسەرەتای بەهاری ١٩٤٥دا، کاتێک سوپای هاوپەیمانان لە بێرگن-بێلسن نزیکبوونەوە، ئەڵمانە نازییەکان هەستان بە کۆکردنەوەی هەموو جولەکەکانی کەمپەکە کە توانای رۆیشتنیان مابوو، بردنیانە دەرەوەی کەمپەکە و سواری دوو شەمەندەفەریان کردن، بەمەبەستی ئەوەی فڕێیانبدەنە نێو رووباری ئەلبەوە. بەڵام ئەمە هەرگیز رووینەدا، چونکە هەر زوو، شەمەندەفەری یەکەم لەلایەن هاوپەیمانانەوە رزگارکرا. ئەوەی دوومیش کە لە ١٠ئ نیسانەوە کەتبووە جوڵە و

ئەلێکس ئەرۆنسۆن و دایکیشی تێدابوون، پاس سیازدە رۆژ سوڕانەوە، لەگوندی "ترۆبیتز / Trobitz" و ٦٠ کم لەدووری شاری لایپزیک لە رۆژهەڵاتی ئەڵمانیا، لەلایەن روسەکانەوە، دەستی بەسەرداگیرا.

ئەلێکس ئەرۆنسۆن و دایکی، دوو مانگ لەوێ مانەوە. لەو ماوەیەدا، دایکی پەتای لەرزوتای گرت و ئەلێکس کەتەمەنی ١٠ ساڵان بوو، بایەخی پێدەدا. پاش چاکبوونەوەی دایکی، ئنجا ئەلێکس تووشی پەتاکە بوو. شایەنی باسە، داپیرەی ئەلێکس (دایکی دایکی)، پێشتر لە کەمپەکەی بێرگن-بێڵسن، لەگەڵ پیرو پەککەوتەکانی دیکەدا جێهێڵرابوو، ئەوەی چیدی خێزانەکەی چاویان پێنەکەوتەوە.

ئەلێکس ئەرۆنسۆن، لەنێوان ساڵانی ١٩٤٥-١٩٤٧دا، بەهۆی تووشبوونی بە نەخۆشی سیلەوە، ناچاربوو بۆ چارەسەریی لە سویسرا بمێنێتەوە. پاش ئەوە گەڕایەوە ئەمستەردام و لە قوتابخانەی تایبەت بە جولەکەکان بەناوی ناوەندیی "هۆگەر بێرگەر/ Hogere Burger" دەیخوێند. ئەو لەساڵی ١٩٥٢دا، بڕوانامەی لەبواری پزیشکی "بایەخدان بە تەندروستی پێیەکان / Chiopody " وەرگرت و بۆماوەی سێ ساڵی دیکەش، زانستی پەرستاریی لە خەستەخانەی جولەکەکانی لەندەن، خوێند. ئەو لەساڵی ١٩٥٥، لەناکاو لەندەنی جێهێشت و پەیوەستبوو بە باوکی و باوەژنەکەی کە چوارساڵ پێشتر جووبوون بۆ ئیسرائیل. ئەرۆنسۆن بەماوەی چەند مانگێک لە خەستەخانەی "رامبام" لەنزیک حەیفاوە، کاریکرد.

شایەنی باسە، ئەرۆنسۆن لەنێوان ساڵانی ١٩٥٦-١٩٦١ لەگەڕان و سوڕانێکی بەردەوامدا بوو، ئەو سەردانی هندستان و ژمارەیەک لە وڵاتانی عەرەبیی و ئەفریقای کردووە. لەسەرەتای ساڵی ١٩٦١دا، سەردانی گوندی "شیفایتزەر"ی کرد لە لامبارد لە وڵاتی گابون لە رۆژئاوای ناوەڕاستی ئەفریقادا کرد، ئەو گوندەی کە لەساڵی ١٩١٣دا، لەلایەن پزیشک و فەیلەسوفی ئەڵمانی دکتۆر "ئەلبێرت شیفایتزەر"ەوە کە دواتر خەڵاتی نۆبڵی بۆ ئاشتیی پێدرا، خەستەخانەیەکی خێرخوازیی

تێدا دامەزرابوو. ئەرۆنسۆن ماوەیەک لەگەڵ دکتۆر ئەلبێرت لەوێ بەخۆبەخشی کاریکرد. شایەنی باسە، ناوبراو لەم گەشتەیدا، بەو هۆیەی کە بەفەرمیی رێپێدانی وەرنەگرتبوو، بۆماوەی چوار مانگ لە زیندانێکی کامیرۆن دەستبەسەر بوو، پاشان لە ٢٦ی نیسانی ١٩٦١دا، گەیشتە گوندی شیفایتزەر.

ئەرۆنسۆن لەوشوێنانەی تاکو ئەو کاتە گەشتی بۆ کردبوون، یۆنانی لەهەموویان پێ خۆشتر بوو، هەربۆیە زەوییەکی لەگوندی "فەناری" لە تیسالی یۆنان کڕیبوو، خانۆچکەیەکی لەسەر ئەم زەوییە دروستکردبوو، هەرکاتێک گەشتی یۆنان و ئەسینا بکردایە، لەم گوندە دەمایەوە و لەگەڵ هاوڕێیانی کاتی خۆی لەوێ بەسەردەبرد. پێویستە بوترێت کە ئەلێکس ئەنۆرسۆن بەرێکەوت لە ساڵی ١٩٦٢دا، کچێکی ئەمریکی لە ئەسینا ناسی، ناوی شارۆن بوو، کە لە ئیسرائیل دەخوێند. شارۆن بانگهێشتی کرد بۆ قودس تا لەگەڵیدا بمێنێتەوە. ئەرۆنسۆن بانگهێشتنامەکەی قبوڵکرد و لە قودس چاوی بە ئالان مێندێلسۆن کەوت، کە کوڕێکی ئەمریکی بوو لە زانکۆی عیبری دەیخوێند. وێڕای ئەو هەستە تایبەتەی بۆ شارۆن هەیبوو، پاش ماوەیەک هاوڕێیەتی لەگەڵی کاڵ بووەوە، بەڵام لەگەڵ ئالان مێندێلسۆندا، تاوەکو مردنی بەردەوام بوو لە نامەنووسی.

ئەلێکس ئەندەرسۆن، لە ١٤ی دیسەمبەری ١٩٦٤دا، لەگەڵ خاتوو "ئەلیزابێس ڤان دیجین" کە پێشتر لە گوندی شیفایتزەر لە گابون چاوی پێی کەوتبوو، لەهۆڵەندا هاوسەرگیرییان کرد و لەپاش ساڵێک کوڕێکیان بوو، ناویان لێنا "ئەلوین". ئەم هاوسەرگیرییە ماوەی چەند ساڵێک ئەرۆنسۆنی سەرقاڵکرد و رێگربوو لەوەی ناوبراو زۆر بەملاوئەولادا بڕوات و گەشت بکات. پاشان لە دیسەمبەری ١٩٦٨دا، ناوبراو بۆ ماوەی هەشت مانگ هۆڵەندای بەجێهێشت و وەک کارمەندێکی گەیاندنی هاوکاریی لە کۆمسیۆنی نێودەوڵەتیی خاچی سوور و هەروەها لە رێکخراوێکی منداڵپارێزی سویسری بە ناوی "زەوی مرۆڤ / Terre des Hommes" لە بیافرا کاریکردووە و لە

٨ی شوباتی ١٩٧٠دا، بە مەبەستی کۆکردنەوەی هاوکاریی، سەردانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای کردووە. پاشان لە مایسی هەمان ساڵدا، گەڕاوەتەوە هۆڵەندا. پاش کەمێک مانەوە، لە نۆڤەمبەری ١٩٧٠دا، رووی کردۆتە هندستان و تاوەکو ساڵی ١٩٧١ لەوێ ماوەتەوە.

پێویستە لەبارەی ئەرۆنسۆنەوە راستییەک بوترێت، ئەویش ئەوەیە کە ناوبراو کاریگەرییەکی دەرونیی زۆری ژیانی سەختی منداڵیی و نەهامەتییەکانی ئەو قۆناغەی بەسەرەوە بوو، بەشێوەیەک جۆرە ئاڵۆزییەک و نائارامیی و نەحەواوەییەکی لە کەسایەتییدا پێکهێنابوو. ناوبراو ئارەزووی خوێندنەوەی فەلسەفە و ژیانی سادەیی هندییەکانی دەکردو لە پەیڕەوانی "ماهماتا گاندی"بوو. ئەو بە ژیانی مسیۆنێرەکان سەرسام بوو. ئارەزووی سەردانی ناوچە ئاڵۆزو مەنکوبەکانی جەنگ و پێشکەشکردنی هاوکاریی بە لێقەوماوانی جەنگ، بەتایبەتی منداڵان دەکرد. لەو پێناوەشدا زۆر گوێی بە رێسا و یاسا حکومییەکان نەدەدا کە لەمپەربوون لەبەردەم ئەو حەزەی. هەربۆیە چەند جارێک لەژیانییدا لە وڵاتانی وەک کامیرۆن و پاکستان کەوتۆتە زیندانەوە و دواجاریش لەکوردستان هەروەک دواتر دەیبینین، سەری تێداچوو.



ئەرۆنسۆن لەکاتی ژەنینی ترامپێت لەگەڵ باپیری




کەمپی بێرگن-بێڵسن لەدواساتەکانی کەوتنی نازییەت



خەستەخانەی جولەکەکان لەلەندەن



خەستەخانەی رامبام لە حەیفا



ئەرۆنسۆن لەگەڵ دکتۆر ئەلبێرت شیفایتزەر لە گابوون



گوندی شیفایتزەر



ئەرۆنسۆن لەئەفریقا









ئەرۆنسۆن لە یۆنان





ئاهەنگی زەماوەندی ئەرۆنسۆن لەگەڵ خاتوو ئەلێزابێس

## ئەرۆنسۆن بەرەو کوردستان

سەرچاوەکان و دۆستانی ئەرۆنسۆن دەڵێن کەچوونی ناوبراو بۆ کوردستان، هەروەک چوونی بۆ ناوچە پڕنەهامەتیی و زۆنەکانی دیکەی جەنگ، بەهۆکاری پەرۆشی بۆ کاری مرۆڤدۆستانە و فریاگوزاریی بووە. ناوبراو پاش ئەوەی لە کەناڵی تەلەفیزیۆنی هۆڵەندییەوە، بەرنامەیەکی سەبارەت بەشکستی گفتوگۆی نێوان کورد و هەڵگیرسانەوەی توندی شەڕو پێکدادان لەنێوان کورد و حکومەتی عێراق لە بەهارو هاوینی ساڵی ١٩٧٤دا و ئاوارەبوونی ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی کوردستانی بۆ سەر سنوورەکانی ئێران بینیوە، بڕیاریداوە لەکەمترین ماوەدا خۆی بگەیەنێتە چیاکانی کوردستان و لای ئاوارەکان و خۆبەخشانە نۆرینگەیەک بۆ چارەسەرکردنی نەخۆش و بریندار و پەنابەرەکانی کورد، دابمەزرێنێت.

ئەو لە ئەمستەردامەوە لە نامەیەکیدا بۆ ئالان و سارا مێندلسۆن، لە ٢٥ی تەموزی ١٩٧٤دا، نووسیویەتی:

"لەمیانەی ئامادەکاریی بۆ گەشتێکی نوێ، کاتی وتنی چەند وشەیەک هاتووە. بەڵی بەرێزم لەکۆتایی مانگی ئابدا ملی ڕێگە دەگرمەبەر...بەرەو کوردستان. پێدەچێت کە بزانی ئەوان ئێستاکە لە جەنگی سەربەخۆییدان لەدژی عێراق. جا بۆ جولەکەیەک چی لەوە باشترە کە هاوکاریی دوژمنەکانی دوژمنەکانی ئیسرائیل بکرێت. وێڕای ئەوەی کە هێشتا نازانم هەتاوەکو کەی لەوێ دەمێنمەوە، بەڵام پلانی بنەڕەتیی ئەوەیە کە لەوێ نەخۆشخانەیەکی تایبەت بەخۆم دادەمەزرێنم، ئەوەی بەشێوەیەکی سەرەکیی لەخزمەتی پەنابەرەکاندایە. وام دێتەبەرچاو کە هەروەها ژمارەیەک لە چەکدارو بریندارەکانیش بێنەلام . هەموو ئەم پرۆژەیە تایبەت دەبێت، چونکە ڕێکخراوی "زەوی مرۆڤ / Terre des Hommes" نەیانویست لەگەڵ خۆیانم بەرن، بەڵام من کچە پەرستارێکم بینیوەتەوە کە هەمان خولیای منی

بۆ گەشت و سەرەڕۆیی هەیە و بەدرێژایی رێگاکە لەگەڵمدا دەبێت. ئەو تەمەنی بیست ساڵانە و زۆریش جوانە. پێموایە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بڕۆمە ئەوێ، ئەگەر بەر پەلاماری فڕۆکە تیبۆلیفە روسییەکان یان چەکە هاوشێوەکانی روسی نەکەوم کە عێراقییەکان کاریان لەگەڵدا دەکەن.

من بۆ چەند ساڵێکی کەم ناگەڕێمەوە، ئەگەر ئارەزوو بکەیت ئەوا لەبارەی کوردانەوە بەدرێژیی بۆت دەنووسم، ئەوانەی وادێنەبەرچاوم کە گەلێکی زۆر دۆستانە و کۆمەڵایەتیین. تاکو ئێستا چاوم بە دووان لە وەزیرەکانیان و هەروەها نوێنەرەکەیان لەهۆڵەندا کەوتووە کە خوێندکارێکی بەشی سۆسیۆلۆژییە و تەمەنی ٢٦ ساڵانە. ئەوان نوێنەرایەتیی سەرەکییان لە لەندەنە، پێدەچێت پێش ئەوەی بڕۆم ناچاربم سەردانیان بکەم. لەم کاتەدا بەشێوەیەکی سروشتیی دەتوانم بێم و تۆش ببینم..."

وادیارە، ئەرۆنسۆن سەردانەکەی لەندەنی بۆ نەلواوە و راستەوخۆ لەناوەڕاستی مانگی ئابدا، بە ئۆتۆمبێلە مارسیدسە تایبەتەکەی خۆی، رووی لە کوردستان کردووە. لەکاتێکدا ناوبراو گەیشتۆتە ئەستەمبوڵ لە تورکیا، نامەیەکی لە شەوی ٧/٦ی ئەیلولی ١٩٧٤دا، بۆ هاوسەرەکەی نووسیوە و تێیدا دەڵێت :"... ئەستەمبوڵ بەهیچ شێوەیەک نەگۆڕاوە، هێشتا هەر قەرەباڵغ و چالاکە...شتێکی خۆشە مرۆڤ بەم شێوە بەجیهاندا بسوڕێت هەروەک ئەوەی جاڵجاڵۆکەیەک بێت.

تازە یەکەمین پۆستکارتم بۆ ئەلوین و یەکێکیشم بۆ ئۆما ناردووە کە وێنەی مزگەوتی سوڵتان ئەحمەدە. بە واتایەکی دیکە ئەوەی مزگەوتە شینەکەی پێ دەوترێت، تەنیا مزگەوتیشە کە شەش منارەی هەبێت. من راستەوخۆ لەبەردەم ئەو مزگەوتەدا، ئۆتۆمبێلەکەم راگرتووە، لەنێوان کاروانی ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە تابلۆکانیان بیانییە، ئەوەی کە خاڵێکی یەکانگیریی نێودەولەتییە."

هەروەها پاش ئەوەی ئەرۆنسۆن، گەیشتۆتە تارانی پایتەختی وڵاتی ئێران، لە ١١ی ئەیلولی ١٩٧٤دا، لەنامەیەکیدا بۆ هاوسەرەکەی دەڵێت:" دوای ئەوەی لەماوەی نۆ رۆژدا، ٦٠٠٠ کیلۆمەترم بڕی، ئەم نیوەڕۆیە کاتژمێر دوو گەیشتمە ئێرە... لەم کاتەدا، من لە هۆتێلێکی گچکەدام دوو ئەستێرەیە. وەک میوانێکی حکومەتە کوردییەکە، هەر گەیشتمە ئێرە، سەردانی ئۆفیسەکەیانم کرد. کاتێک گەیشتم، بە زەحمەت لەلایەن نوێنەرەکەیانەوە پێشوازیی کرام...

ژمارەیەک بەرپرسی کورد، بۆ کاری خۆیان لە هۆتێلەکە بوون. ئەمشەو تامی میوانداریی کوردیم چێشت. هەموو شتەکان نافەرمیی و دۆستانە بوون. نزیکەی پێنج وشەی کوردیی فێربووم. کارە رۆتینییەکان لێرە (پێکەوە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێرانیی) لەوانەیە دوو رۆژێک بخایەنێت. منیش ئەم دەرفەتە دەقۆزمەوە بۆئەوەی هەناسەیەکم پێدا بێتەوە و پێویستیش ناکات هیچ شتێک بکەم، هەموو شتەکان رێکخراون."

دوو رۆژ دواتر، واتە لە ١٣ی ئەیلولدا، ئەرۆنسۆن بەنامەیەک هاوسەرەکەی ئاگادارکردۆتەوە کە بەو نزیکانە کاری رێپێدانی بۆ دەکرێت و لەتارانەوە بەرەو کوردستان دەجوڵێت.



ئەرۆنسۆن لەناو خێزانەکەیدا




وێنەی پاسپۆرتی هۆڵەندی ئەرۆنسۆن

De Wilp 25/7/74

Dear Alan & Sarah,

Time for a few words in the midst of preparations for a new trip. Yes siree, at the end of august i will be on my way again ...... to Kurdistan! You may know that they are in a war for independence from Iraq and what is better for a jew than to help the ennemies of ennemies of Israel. Although i don't know yet how long i will be going to stay, the original plan is for me to set up my own hospital there, mainly for the benefit of the many refugees but i imagine that quite a few wounded "military" will come my way as well. All this is just going to be private enterprise (Terre des Hommes didn't want to back me) but i found a nurse who shares my wish for travel and adventure and who will accompany me "all the way." That last is to be taken litterally as well as figuratively. She is 20 years young and quite pretty. i Suppose i will be gone for a long time and if i don't get hit by a Tupolev or other such fine russian specimen the Iraqi's work with, i might not be back for a few years. If you are interested i will write to you extensively about the Kurds who seem to me a very friendly people. Till now i met two of their ministers and their representative in Holland, a 26 year old student of sociology. Their main representation is in London and i may have to go and see them before i leave. In that case i will naturally come to see you as well. So far no interesting tiles found though i do watch out for them. Please give my love and scorn to ye olde England and kiss the Irish for me,

Yours ever,



مزگەوتی سوڵتان ئەحمەد لە ئەستەنبوڵ



تاران لەساڵی ١٩٧٠دا

## ئەرۆنسۆن لە کوردستان
## (لە گەلاڵە و حاجی هۆمەران)

ئەلێکس ئەرۆنسۆن لەرەوشێکدا تارانی بەجێهێشت و وەک پەرستارێکی خۆبەخش رووی کردە کوردستان، کە لە کوردستان شەڕێکی زۆر سەخت لەنێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراقییدا دەستیپێکردبوو، ئەو شەڕەی کە بەشەڕی ١٩ رۆژە ناودەبرا و هێزە سەربازییەکانی حکومەتی بەغدا بە ١٢٠ تانک و ٣٠٠٠٠ سەربازەوە هێرشێکی فراوانیان دەستپێکردبوو بۆ گرتنی بەرزایی و زنجیرە چیاکانی زۆزک و هەندرێن، بەشێوەیەک کە بەشێکی ئامانجەکایان بەدیهێنابوو و بارزانییان ناچارکرد بارەگای خۆی بۆ حاجی هۆمەران بگوازێتەوە کە پێشتر لەماوەی ١٩٧٠-١٩٧٤دا، چەند خانوویەکی قایم و ژێرزەمینێکی گەورەیان تێدا دروستکردبوو.

ئەرۆنسۆن، لە نامەیەکیدا بۆ هاوسەرەکەی لە ١٧ی ئەیلولی ١٩٧٤دا، دەنووسێت:

"ئێستاکە لە خەستەخانەکە گەڕاومەتەوە مەنزڵ، هەربۆیە ئێستاکە دەتوانم شتێکی راستت بۆ بنووسم. مەنزڵەکەم بۆ رۆژانی داهاتوو، هەمان ناوەندی زانیاریی سەر بە حکومەتە کوردییەکەیە. کۆمەڵە خانوویەک لە بناری چیایەکدا کە لەوێ زۆربەی میوانە بیانییەکان (رۆژنامەوان و وێنەگر و لەو بابەتەنە) پێشوازییان لێدەکرێت. لەوانەیە ١٠-١٥ رۆژ لێرە بمێنینەوە هەتاوەکو ناوەندی کارکردنەکەم بۆ دیاری دەکرێت. لە یەکەمین ئێوارەمدا، دیدارێکم لەگەڵ دکتۆر مەحمود کرد کە سەرۆکی بەشی پزیشکی و بەهێزترین پیاوی سیاسی وڵاتەکەیە. رێکەوتین کە یەکەمجار لە خەستەخانەکەدا کاربکەم بۆئەوەی رابێم و پێدەچێت بۆ پێدانی دەرفەتێکیش بێت کە لە دەرەوەی ئەوێدا کارم پێبکەن. پاش ئەوە وەکو "کولەحاجی" دەچم سەردانی

گونده دوورەدەستەکان لەچیاکان دەکەم بۆئەوەی رێگەیەکی چەسپاو بۆ نۆرینگەکە دابمەزرێنم.

خەستەخانەکە لەنزیکەی دە خێوەت و ژمارەیەک خانۆچکەی قوڕیین پێکهاتووە کە بە قەدپاڵەکەوەیە. لێرە نزیکەی دە دوازدە پزیشکێک کاردەکەن (ناتوانم ژمارەی وردیانم دەستبکەوێت) هەندێک لەوانە پسپۆڕن. یەکێکیان پزیشکی نەشتەرگەرییە بەڵام نەشتەرگەریی ناکات. یەکێکی دیکەیان پزیشکی شکاوییە بەڵام بە سەیرترین شێوە چارەسەریی شکاویی دەکات. یەکێکی تریشیان پسپۆڕی نەخۆشییەکانی پێستە و هەندێک وردەکار ئەنجامدەدات. دانەیەکی دیکەشیان پسپۆڕی تەندروستی و خاوێنییە و نازانێت مانای "گەنجینەی ئاوەڕۆ/Spetic Tank" چییە! پزیشکی سەرەکیی بریتییە لە پزیشکی منداڵان، ئەو بایەخی منی بە منداڵان درکپێکرد، هەربۆیە کاتێک چەند رۆژێک لێرە نەبوو، رێگەیدام لەشوێنی ئەو کارەکان راپەڕێنم.

ئەمە ئەفسانەیە، لێرە هیچ خەستەخانەیەکی لێ نییە، لەراستییدا تەنیا ژمارەیەک لەم ناوەندانەیە. بەگشتی شتەکان وا دەردەکەوێت کەباش رێکخرابێت. نەوەت پزیشک هەن کە تارادەیەک بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر وڵاتەکەدا دابەشبوون. ئەوە پرسیارێکی گەورەیە کە ئەلێکس ئەرۆنسۆن دەتوانێت لەکوێدا وابکات، سوودبەخش بێت.

لەوانەیە ئەمە بۆ ئەلوین پێکەنیناویی بێت، لێرە پێم دەڵێن "کاک ئەسکەندەر"، ئەمەش پیاهەڵدانێکە بۆ پێشکەوتنم لەفێربوونی زمانەکەیاندا. ئێستاکە من دەتوانم ٣٠ بۆ ٥٠ وشە بدوێم. زۆربەی وشە کوردییەکان هاوشێوەی هندین، تەنیا لەرووی دەربڕینەوە زیاتر لە عەرەبیی دەچێت."

هەروەها ئەرۆنسۆن، لە ٢٠ی ئەیلودا نامەیەکی دیکەی بۆ هاوسەری ناردووە و دەنووسێت :" ئەمڕۆ رۆژنامەنووسێکی ئەڵمانیی بەرەو وڵات گەڕایەوە، نامەیەکم لەگەڵ وێنەیەک پێدا بۆ ئەلوین. لێرە

پۆستکارت دەستناکەوێت و خزمەتگوزاریی پۆستیشی لێ نییە، هەربۆیە ئەم نامەیە دەدەم بە هەندێک لەو کەسانەی تەلەفیزیۆنی هۆڵەندی لە NOS کە فیلمێکیان بەرهەمهێناوە...

ئەم بەیانییە لەگەڵ هاوڕێیەکدا، یان پێویستە بڵێم کە لەگەڵ پاسەوانێکدا، چوومە لای بەرگدروویەک، بڕیاردراوە کە پێویست دەکات جلوبەرگی وەک کوردان بپۆشم، هەربۆیە پێویستە بەرگی کوردیی لەبەرکەم. وێنەکان پێشانتانی دەدەن، رات چۆنە؟ ئایا لێم دێت!

ئێمە ٣٤کم لە سنووری ئێرانەوە دوورین کە ماوەیەکی دوور نییە، بەڵام بەهۆی سەختی رێگاکانەوە، بە ئۆتۆمبێل دوو کاتژمێر دەخایەنێت. تۆ لێرە زۆر هەست بە جەنگ ناکەیت، جاروبار گوێت لەدەنگی دژەفڕۆکە دەبێت لەکاتی تیپەڕینی فرۆکەیەکی تیوبولیفی عێراقییدا. شەڕو پێکدادان لە دووری سێ کاتژمێر لێرەوە، لە سێ بەرەی جیاواز بەڕێوەدەچێت. هەرچەندە، بەهۆی زستانەوە، لەماوەی مانگێکی دیکەدا، شەڕ دەوەستێت."

وداپارە ئەرۆنسۆن لەدانیشتن لە خەستەخانە سەرەکییەکەی شۆڕش ماندوو بووە، هەربۆیە لە ٢١ی ئەیلولدا لەنامەکەیدا بۆ هاوسەری نووسیویەتی: "... ئەم بەیانییە دیسانەوە خەستەخانەکە بێدەنگ و ئارام بوو، پێم سەیرە، ئەوانەی لێرە کاردەکەن، چۆن بەدەست کلسکردنی خواروی بڕبڕەی پشتیانەوە ناناڵێنن. چۆن دەشێت پزیشکێک رێزی خۆی بگرێت لەکاتێکدا بەوە رازی بێت کە رۆژانە تەنیا پازدە نەخۆش ببینێت! ئەوە کارێکە لەدەرەوەی ویستی منە. زیاتر لەوەش، پرسیار لەوەدەکەم کە ئاخۆ دەبێت من لێرە سوودێکم هەبێت؟! من دڵنیام کە شوێن و جێگەی دیکە هەیە کە پێوستی بەهاوکاریی پزیشکییە، بەڵام کەس ئاماژەیان پی ناکات. لێرە پاراستنی ڕووخسار و رواڵەت کارێکی زۆر گرنگە."

هەروەها لەنامەیەکی دیکەیدا، کە لە رۆژی ٢٥ی ئەیلولدا ناردوویەتی، ئەرۆنسۆن ئاماژەی بەوەداوە کە ئەگەری مانەوەیان

لەکوردستان زۆر نییە، ئەو دەڵێت:" هەرچەندە، لەلایەن دکتۆر مەحمودەوە نەبۆتە شتێکی فەرمیی، بەڵام بڕیاردراوە کە من لەکوردستان نامێنمەوە. سێ پزیشک لەرێکخراوی" پزیشکانی بێ سنوور/ Medicins sans Frontieres " سەبارەت بە رێکخراوەکەیان گەیشتوونەتە هەمان دەرئەنجام. پیاوێکی فەرەنسیش هەیە کە لەمانگی مارتەوە لێرە بووە، خوێندکاری خوێندنی باڵایەو لەکەلتوری کوردیی دەتوێژێتەوە. هەر پێنجمان دوێنێ شەو بەدرێژیی قسەمانکرد. هەمووومان ئەوەکان پەسەندکرد کە خزمەتگوزاریی پزیشکیی لێرە باش رێکخراوە. دەتوانین بەوەی ئارەزووی دەکەین بەشداریی بکەین. ئێمە هەستدەکەین ئەوەندە بەس نییە. ئەوەش بێگومان ئەنجامی فێربوونی رۆژئاواییمانە. هەروەها بۆ ئێمە نییە کە بڵێین پێویستە زێدەتربکرێت.

من یەکێک لەو پزیشکە فەرەنسییانەم لە بیافراوە دەناسی، کەسێکی ماندونەناس بوو. هۆکاری سەرەکیی پێشوازییکردن لە هاوکاریی دەرەکیی بریتییە لەوەی کە بیانییەکان دەتوانن هانی حکومەتەکانیان بدەن کە بایەخ بە رەوشەکە بدەن. ئەوان پێویستییەکی کەمتریان بە پزیشک و پەرستار و هاوکارییە پزیشکییەکان هەیە هەروەک لە ئاماژە و بایەخە سیاسییەکان. ئەوە بایەخە سیاسییەکانە کە پاڵپشتەو پێگەی چەسپاوە. هەروەها بیانییەکان دەبنە هۆی سەرنجڕاکێسانی میدیا و رۆژنامەکان. من زۆر بە زەحمەت رووی خۆم لەو فیلمە تەلەفیزیۆنییە شاردەوە کە لەلایەن وێنەگرەکانمانەوە (هۆلەندییەکان- س) ئامادەکران.

دوو رۆژ لەمەوبەر، لەکارکردن لە خەستەخانەکە وەستام، لەبری ئەوە، بەهاوکاریی ئەو پزیشکە کوردەی کە وەرگێڕانی دەکرد، هەوڵی نۆژەنکردنەوەی نۆرینگەیەکم دەدا کە دە کیلۆمەتر دووربوو لە ئێمەوە. بیناکەمان بەتەواوەتیی چۆڵکرد و پاکمانکردەوە و هەموو شتێکمان بەشێوەیەکی باشتر رێکخستەوە. ئێمە لێرە رۆژانە نزیکەی پەنجا نەخۆش دەبینین. من لەم گۆشە پشتگوێخراوەدا دەمێنمەوە، هەتاوەکو

ئەو کاتەی دکتۆر مەحمود لە جەبهە دەگەڕێتەوە، ئەوەی بەهیوام کە لەهەینی داهاتوودا بێت.

لەبەرئەوە، مانەوە لێرە بەتەواویی بێهودە نییە. سەبارەت بە خۆم دەڵێم، بەپێچەوانەی ئەو تیمە فەرەنسییەی کە لەپزیشکێکی نەشتەرگەریی و دانەیەکی هەناویی و یەکێکی دیکەی پسپۆڕی قوڕگ و گوی و لوت، رێکخراوەکەی ئێرە چەندەی بتوانن نەخۆشەکان رەوانەی ئێران دەکەن...بۆئەوەی چاوی جیهان بەسۆزو بەزەیی پڕبکەنەوە...ئایا من بوومەتە کەسێکی خۆپەرست و گاڵتەجاڕ؟! من هەست به سۆزو بەزەیی دەکەم بۆ حاڵی پەنابەرەکان، بەلام سەبارەت بە حکومەتەکان (میسر و ئەردەن و لوبنان) ئەوانە هەموویان هاوشێوەن و گوم تێکردن!"

شایەنی باسە، ئەرۆنسۆن تاوەکو ٢٥ی ئەیلول لە گەلاڵە مایەوە. چونکە بەتەمای گەشتێک بەرەو دەڤەری بادینان ئەوێی بەجێهێشت. ئەو لە نامەیەکیدا لە ٢٦ی ئەو مانگەدا نووسیویەتی، دەڵێت:" دوێنی دوارۆژەکانم بوو لە گەڵاڵە. لەکاتێکدا خەریکی کارکردن بووم، بەرگێکی کوردییان بۆ دووریبووم. ئیستاکە لەپاش چەند دەستکارییەکرێک پڕ بە بەری خۆمە. کارەکەم پێویستی بە گفتوگۆیەکی درێژبوو لەگەڵ دارا تۆفیق، وەزیری زانیاریی و فێرکردن. دکتۆر مەحمودی وەزیری تەندروستیش ئەمڕۆ گەڕایەوە. سبەی گەشتێک دەکەم بۆ ناوچەی بادینان، پێدەچێت لەوێ پێویستیان بە ستافێکی پزیشکیی زیاتربێت. پێش ئەوەی خۆم پانەبد بکەم، وتم با بۆخۆم شوێنەکە ببینم. ئەگەر دەتەوێت بزانیت بادینان لەکوێیە، سەیرێکی باکووری رۆژئاوای عێراق بکە لەسەر سنوورەکانی تورکیی-سوریی (کە ئێستاکە بەتوندیی داخراوە). ئەوەی پێویستە کە شارەکانی ئامێدیی و هەروەها بارزان ببیننەوە، دەوترێت کە بەهەشت لەوێیە!"





حاجی هۆمەران



پێشمەرگە لەچاوڕوانی فڕۆکە عێراقییەکاندا

## سەردانی بادینان و گەڕانەوە

ئەرۆنسۆن لەنامەیەکیدا کە لە ٣٠ ی ئەیلولی ١٩٧٤دا بۆ خێزانی ناردووە، گەشتەکەی بادینانی بەم شێوەیە گێڕاوەتەوە. ئەو دەڵێت:" دوێنی بەیانی گەیشتمە ئامێدی، پاش بەسەربردنی شەوێک وەک مۆتەکەی گەشتێکی ناهەمواربوو بەنێو ئەو دۆڵ و دەربەندە دێرینە بەردینانە ترسێنەرانە و هاوشێوەکانیان. ئێمە، بەهۆی فڕۆکەکانەوە، تەنیا دەتوانین بە شەو گەشت بکەین، بەشێوەیەک ١٧ کیلۆمەترمان بە کاتژمێرێک دەبڕی و تێکڕا بۆ ماوەی چواردە کاتژمێر بەرێگاوە بووین. ئێستاکە لەدەرەوەی بازنەی مەترسییدام. ..تەنیا جێب و لاندلۆڤەر دەتوانن بەم رێگایدا بڕۆن.هەربۆیە پێشنیاری ئۆتۆمبێلی جێب و شۆفێر و وەرگێڕێکیان بۆ کردووم.

لەئێستادا، میوانم لە خەستەخانەی ئامێدی. لێرە پزیشکێکی گەنجی ماندونەناس و پەرۆش و هەڵسوڕی لێیە. ئەوان دەتوانن بێ منیش بەباشی کارەکانی خۆیان بکەن، ئەوەش زۆر باشە."

شایەنی باسە، ئەرۆنسۆن هەر بە سەردانی ئامێدییەوە نەوەستاوە، بەڵکو چۆتە زاخۆش. ئەو لە نامەیەکی دیکەیدا لە ٤ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٤دا نووسیویەتی :" لەدەڤەری زاخۆ بووم (لە چیاکانی نزیک سنووری تورکیا). لەبەرئەوەی کە خودی شاری زاخۆ لەبندەستی سەربازەکانی حکومتدایە، خەستەخانەکە لەئەشکەوتێکی گەورەدایە و دابەشکراو بۆ دوو بەش: پیاوان لەخوارەوە و ژنان لەسەرەوە. ئەمە زیاتر لەشتێکی نێو چیرۆکە خەیاڵییەکان دەچێت!

دوێنێ بۆ ماوەی دوازدە کاتژمێر لەنێو گوندەکان پیادەڕۆییەکم کرد، کە ماوەی ٤٠کم رێگاکە تەنیا ٣کم تەختانیی بوو. دڵم بەخێراییەکی زۆر لێیدەدا، چونکە هیچ رێگایەک نییە و هەمووی بەسەر بەردەکاندا تێدەپەڕێت. توانیم هەروەک بزنەکێوی بە بازدان لەسەر بەردێکەوە بۆ سەر بەردێکی دیکە لە دوو رووبار بپەڕمەوە. زۆر بە ماندوویی

گەیشتمەوە ماڵ و چەند کیلۆگرامێک کێشم کەمی کردبوو، بەڵام شایەنی گەشتەکە بوو...بەدڵنیاییەوە دەتوانم لەم ناوچەیەدا ببمە کەسێکی بەسوود، بەڵام بەهۆی بارینی بەفرێک بە ئەندازەی سێ مەتر، ئەو کارە تاوەکو مانگی مارت نابێت. ئەرکی من سەردانی رێکخراوە بۆ گوندەکانی دەوروبەر.

لەگەڵ دەسەڵاتدارانی خۆجێی ئێرە رێکەوتین کە ئێرە جێبهێڵم و لەکۆتایی وەرزی زستان بگەڕێمەوە. هێشتا چاوەڕێی نامەی دکتۆر مەحمود دەکەم. ئەمشەو نانی ئێوارە لەگەڵ حاکمی زاخۆ دەخۆم و سبەی بەرەو ئامێدی، دەگەڕێمەوە."

ئەرۆنسۆن لە رۆژی پێنجشەممەی رێکەوتی ١٠ی ئۆکتۆبەر، گەڕایەوە حاجی هۆمەران. ئەو لەنامەیەکدا کە لە ١١ی ئۆکتۆبەردا بۆ هاوسەرەکەی ناردووە، بەمشێوەیە گەشتەکەی خۆی باسکردووە:" دوێنێ پاش گەشتی گەڕانەوەم کە سێ شەو و دوو رۆژی خایاند، بە تێکشکاویی گەڕامەوە پایتەخت. ئێوارە خوانەکەی پێشوو گۆڕدرا بۆ داوایەک بۆ مانەوەی درێژخایەن. بڕوام پێ بکە پێمخۆش بوو کەبۆ ماوەیەکی درێژتر بمێنمەوە. پێدەچێت زۆری مابێت زستان تەواوبێت. من زۆر گەڕام و زۆرم بینی و دواجار هەستم بە جێگیریی کرد. هەروەها راپۆرتێکی درێژم سەبارەی بە دۆخی پزیشکی نووسی، ئەوەی شەوی پێشوو رادەستی دکتۆر مەحمودم کرد و ئەویش دەیویست دەستبەجێ بیخوێنێتەوە. سبەی کاتژمێر ١٠، چاوم بە خۆی و دوو بریکارەکەی دەکەوێت بۆئەوەی سەبارەت بە ئایندەم لێرە گفتوگۆ بکەین. ئەگەر رەخنەکانم پەسەند بکات، ئەوا داوام لێدەکات کە لێرە بمێنمەوە بۆ ئەنجامدانی هەندێک گۆڕانکاریی. بەڵام زۆر پێدەچێت کە وەڵامەکەی ئەوەبێت کە تەنیا سەبارەت بە بایەخەکانم سوپاسم بکات و بەرێم بکات، منیش لێرە بڕۆم..."





جەند پێشمەرگەیەک بەسواری جێبەوە



ئامێدی



خەستەخانەکەی ئەلقوش لە زاخۆ



دکتۆر مەحمود و مەلامستەفا

## سەردانێکی هندستان و گەڕانەوە بۆ کوردستان و تیاچوون

وادیارە پێشبینییەکەی دواجاری ئەرۆنسۆن سەبارەت بەوەڵامەکەی دکتۆر مەحمود لەشوێنی خۆیدابێت و پێچەوانەی ئەو پلانەبوو کە سەرەتا بیری لێدەکردەوە، هەربۆیە ناوبراو لە نامەیەکیدا بۆ دایک و باوەپیارەکەی لە ٢٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٤دا، نووسیویەتی:

" بەپێچەوانەی پێشبینییەکانەوە، مانەوەم لەکوردستان تەنیا ماوەی چوار هەفتەی خایاند، گەشتێکی بەرفراوانم تێدا کرد و سەردانی تەواوی ناوەندە پزیشکییەکان و خەستەخانەکانم لە خانۆچکە و ئەشکەوتەکان لەگوندە دوورەدەستەکاندا کرد.

لەگەڵ نزیکبوونەوەی زستاندا، کاتێک شەڕی قورس و بۆمبارانەکان دەوەستێت (ئیدی بریندار نییە) و بەفر ڕێگەی گوندەکان دەگرێت (ئیدی نەخۆش نییە). هەرچەندە داوام لێکراوە کە لەمانگی مارتدا بگەڕێمەوە ئێرە و خەستەخانەیەکی نوێ بنیاتبنێم و منیش بەڵێنم داوە کە ئەمە بکەم. ئێرە بەتەواوەتی جوانە، بەتایبەتی ناوچەی بادینان لەسەر سنوورەکانی سوریی-تورکیی.

من بۆماوەی هەفتەیەکی دی لێرە دەمێنمەوە، دواتر گەشتێک بۆ دەوروبەری پاکستان و هندستان و لەوانەیە بەنگلادیشیش بکەم..."

بەگوێرەی زانیارییەکان، ئەرۆنسۆن بەماوەیەکی کورت دوای ئەم نامەیە کوردستانی بەرەو هندستان جێهێشتووە و کاتێک ویستوویەتی لە سەرەتای مانگی شوباتی ساڵی نوێ واتە ١٩٧٥، بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، لە ٦ی شوباتدا لە سوات و دواتر لە پیشاوەر لەپاکستان، تووشی لێپرسینەوە و گرتن بۆتەوە و چەند ڕۆژێکی لە زیندان بردۆتەسەر. دواتر لە نامەیەکدا کە لە ٢٥ی مارتدا بۆ هاوسەرەکەی

نووسیوە، وتویەتی کە "نازانێت دۆخەکە لە کوردستان چۆنە و لەو بڕوایەدایە کە چیدی لەوێ پێویستییەکیان بەو نییە. "

شایەنی باسە، ئەرۆنسۆن لەرێگەی گەڕانەوەی لە هندستانەوە بۆ کوردستان، کۆمەڵێک پێداویستی پزیشکی لەگەڵ خۆی هێنابوو، کاتێک گەیشتبووە تاران، ئۆتۆمبیلە مارسیدسەکەشی فرۆشتووە و لەوێوە رووی لەکوردستان کردۆتەوە و لەیەکەمین هەفتەی مانگی مارتی ١٩٧٥دا، کە هاوکات بووە لەگەڵ بەستنی ریکەوتننامەی جەزایر لەنێوان حکومەتی ئێران و عێراق، بەمەبستی بنیاتنانی خەستەخانەی تایبەت بەخۆی لەدەڤەری بادینان، داخڵی کوردستان بووە.

ئەو لە دوا نامەیدا لە سیدەکانەوە لەکوردستان کە لەرۆژی ١٣ی مارتی ١٩٧٥دا، بۆ دایکی نووسیوە، دەڵێت:" ...هەفتەی رابردوو گەیشتمەوە کوردستان (عێراق) بەمەبەستی ئەوەی بڕۆم بۆ بادینان. بادینان لەزنیک سنوورەکانی تورکیی-سورییە و ئامێدی گەورەترین شاری دەڤەرەکەیە.

ئەوان بەشێوەیەکی بەپەلە پێوستیان بە پزیشک وپەرستارە. ئەمە راستییە، بەڵام بەوهۆیەی کە پێدەچێت سنووری نێوان عێراق و ئێران داخرابێت. رێبەرانی سیاسی ئێرە بڕیاریان داوە کە پێویستە بیانییەکان ئێرە چۆڵبکەن. مەبەستیان لە بیانییەکان ژمارەیەکی کەم وێنەگری رۆژنامەوان و تیمێکی ئینگلیزیی کە لەپێنج کەسی سەر بە رێکخراوی منداڵپارێزن/ Save The Childern و هەروەها بەندەی موخلیستانە. میوانداریی لێرە زۆر جێگەی بایەخە، بەجۆرێک لەکاتی دەرکەوتنی هەر هەڕەشە و مەترسییەک، یەکەمین شت هەوڵی دۆزینەوەی رێوشوێنی سەلامەتیی بۆ میوانەکان دەدەن...

نیازم بوو بچم بۆ بادینان. لە ئۆفیسێکی سیاسییەوە چووم بۆ ئەوی دیکە، بەجۆرێک بووە هۆی بێزاربوونی هەموو سەرکردە سیاسییەکان، جگە لە بارزانی (مەبەستی مەلامستەفایە-س) دواجار

بەوە پاداشتکرام کە نامەیەکم بۆ سەرجەم فەرماندە کوردە سەربازییەکان پێدرا و تیایدا داوایان لێکرابوو کە یارمەتییم بدەن کە بگەم بە ئامانجەکەم.

ڕێگایەک هەیە بەڵام دەروازەکەی بە بەفر و بۆمبارانکردن گیراوە. لە ڕێگاکە چەندین گوندی لێیە بەڵام چۆڵکراون. بەهەرحاڵ شوێنێکم لە ئۆتۆمبێلێکدا دەستکەوت بەرەو گەڵاڵە. لەگەلاڵە بەولاوە بەپێ ڕۆیشتین. فەرماندە خۆجێییەکە، پێشمەرگەیەکی وەک پاسەوان و ڕێبەر پێدام. ڕۆژی یەکەم فرە ماندوو بووم، هەربۆیە چاوم بۆ گوێدرێژێک دەگێڕا. بۆ ڕۆژی دووەم، توانیم دانەیەک لەو خەڵکە بکڕم کە چاومان پێیان کەوتن. دوای ئەوە هەموو کەلوپەل و کۆلەکەم لە دەرمان و کاغەز و پاڵتۆ و پێویستییەکانم لە گوێدرێژەکە نا. لەهەمان کاتدا دەبوو پرۆزبایی لەخۆم بکەم سەبارەت بەو رووخسارەی پێی دەرکەوتبووم و پێڵاوم لەبری سەرپێی لەپێدابوو. ڕێی ڕۆیشتنمان بەدرێژیی تولەڕێیەکی بەردین و قوڕاویی بوو کە پانتاییەکەی لە پێیەک کەمتربووم هەروەها بەنێو کانی و جۆبار و هەوراز و نشێوەکاندا، تێدەپەڕی. هەر سی خولەک جارێک دەبوو خۆ نەوی بکەین بۆئەوەی خۆمان لە بۆمبارانی ئەو فڕۆکانە بەدووربگرین کە بەسەرمانەوە دەفڕین. ئێستاکە بەشێوەیەک لەبەرەی شەڕەکەوە نزیکین، بەجۆرێک گوێمان لە دەنگی ئەو بۆمبانە دەبێت کە ماوەماوە دەیانتەقاندن. ئەوەش بۆ تۆقاندنی ئەو دانیشتووانە خۆجێیانەی کە لە پشتەوە مابوونەوە.

دوێنێ گەیشتینە ڕۆست، لەوێ ڕێبەرەکەم بەجێیهێشتم. لەلایەن پزیشکە خۆجێیەکەوە پێشوازییم لێکرا، ئەوەی پەرستارێک بوو کە تاقە نەفەری پزیشکیی بوو لە ناوچەکە. پاش چەند کاتژمێرێک، مەفرەزەیەک پێشمەرگە هاتن. لەگەڵیان ڕێکەوتم کە تاوەکو سیدەکان ڕێنوێنیم بکەن لەکاتێکدا ئەوان بەرەو گوندەکە دەڕۆیشتن. لەگەڵ گوێدرێژەکە کەوتینەڕێ، بەڵام پاش کاتژمێرێک چاوم بەچەند کەسێک کەوت وتیان ڕێگەی بەردەممان بەتەواویی بەستەڵەک و لێژە و

بەکەڵکی ئاژەڵ نایەت. هەر لەبەرئەوە بووین بە دوو دەستە. من و پێشمەرگەکانم بڕیاربوو لەرێگە کورتەکەوە و دوو لە پێشمەرگەکانیش، گوێدرێژەکانی خۆیان و ئەوەکەی منیش بەرن رێگا درێژەکە بگرنەبەر، ئەوانەی کە هەتاوەکو ئێستاکە نەگەیشتوونەتە سیدەکان.

دوای گەشتێکی سەخت بەنێو چیاکاندا، کاتژمێر پێنجی ئێوارە گەیشتمە سیدەکان. راستەوخۆ چووم بۆ نەخۆشخانەکە و لەوێ لەلایەن پزیشکەکەوە، کەدەرکەوت یەکەمین جارە پزیشکی راستەقینەبێت، پێشوازییەکی گەرمم لێکرا.

ئەگەر ئەمڕۆ گوێدرێژەکەم بگات، واپێشبینی دەکەم سبەی لە گەشتەکەم بەردەوامبم. تەنیا رۆژێکی دیکەی ماوە کە بەپێ بڕۆم، پاش ئەوە دەبێت لە شاماناوا بم. پێم وتراوە کە لەوێ رێگایەکی راستەقیینە هەیە و دەتوانم لەوێ بەئۆتۆمبێل بڕۆم.

بۆمباباران کە بەشێوەیەک بەردەوامبوو، دواجار وەستا. هەموو شتێک هێمنە، چەند شتێکی سەیرە. بۆ یەکەمین جارە بتوانم لەم هەفتەیەدا دەنگی باڵندەکان ببیستم، ئەو باڵندانەی کە تاوەکو ئێستا کەمتربوون لەو فڕۆکە میگ و تیوبولیفانەی بەسەر ناوچەکەدا دەفڕین. لەپێناوی خەڵکە سڤیلەکە، ئێمە ئەمە بە نیعمەتێکی باش دەزانین.

ئایا من لێرە دەمێنمەوە؟! ئەمە هێشتا پرسیارەکەیە! ئەگەر وابێت کە پێویست بکات بڕۆم، ئەوا لە ڕێگای بۆمبایەوە بەرەو لەندەن دەگەڕێمەوە..."

شایەنی باسە، بەگوێرەی ئەو نامەیە بێت کە دواتر لە ١ی شوباتی ١٩٧٦دا، لەلایەن دکتۆر دەیڤد نابارۆ، ئەندامی رێکخراوی "منداڵپارێز"ی بریتانی کە لەکوردستان بووە، نێردراوە بۆ باوکی ئەرۆنسۆن، ئەرۆنسۆن لە ٢٠ی مارتی ١٩٧٥دا، لەماڵی شێخ عەبدوڵلای بارزانی نانی خواردووە و خۆی بۆ سەفەری بادینان

ئامادەکردووە، تاوەکو ئەو کەلوپەل و دەرمان و ئامێرە پزیشکییانەی هێنابوونی بیانگەێنێتە ئەوێ و چارەسەری دانیشتووانی ئەو ناوچەئە بکات. بەڵام لە رێگەی سیدەکان. لە بەشی رۆژهەڵاتی چیای حەسەن بەگ، ئەو گوێدرێژی کە کرێیەتی بۆ گواستنەوەی کەلوپەلەکانی، دیارنەماوە و گومبووە. باری سەر گوێدرێژەکە جگە لە کەلوپەل و دەرمان، پارە و پاسپۆرت و ئەوراقەکانیشی تێدا بووە. دکتۆر نابارۆ دەڵێت کە ئەرۆنسۆن لەو پشێوییە گەورەیەی کە گوندەکانی ئەو ناوەی گرتۆتەوە، بەپێچەوانەی ئامۆژگاری کوردەکانی سنوور، کە وتوویانە بیانییەکان دەبێت بەخێرایی ئەم ناوە چۆڵبکەن، رۆیشتووە. ئەو بۆ سۆراخی گوێدرێژەکەی بەئاراستەی ئامێدیی رۆیشتووە و ماوەی رۆژێک بەدوایدا گەڕاوە، ئەو لەمەترسیدابووە.

لەراستییدا، دکتۆر نابارۆ رۆژێک پێش راگەیاندنی هەرەسی جوڵانەوەی چەکداریی کوردستان، ئەرۆنسۆنی بینیبوو، ئەو رۆژەی کە تەواوی سەرکردایەتیی کورد و رێبەرانی جوڵانەوەکە بەرەو ئێران هەڵدەهاتن. ئا لەم رەوشە ئاڵۆزو پڕ پشێوییەدا، ئەرۆنسۆن بۆ سۆراخی گوێدرێژەکەی، بەبێ پێناس و بەبەرگی کوردییەوە و بەدەمانچەیەک و نامەیەکی بارەگای مەلامستەفای بارزانییەوە، بەپێچەوانەی ئاراستەی هەڵاتنی ئەوان دەڕۆیشت، بەرەو ناوچەیەک کە تۆڕی مەرگی بەعسییەکان و جاشەکانیان و سوپای عێراقی تێدا راخرابوو، هەربۆیە لەبری گەڕانەوە لە رێگەی بۆنایەوە بۆ لەندەن، تاوەکو ناردنەوەی تەرمی لەسێدارەدراوی ئەرۆنسۆن لەبەغداوە بۆ ئەمستەردام لە مانگی ئایاری سالی ١٩٧٦، هیج کەس لە دۆست و ناسیاوەکانی ئەرۆنسۆنیان نەبینییەوە.



کۆمەڵێک پێشمەرگە لەبادینان



سەدام حسێن و شای ئێران لەجەزائر ١٩٧٥



کۆمەڵێک پێشمەرگەی کوردستان پاش هەرەس

## کورتە نامەکانی ئەرۆنسۆن پێش لەسێدارەدان لەزیندانی بەعسییەکان

وەک وترا، ئەرۆنسۆن لە کۆتایی مانگی مارتی ١٩٧٥دا، لەکوردستان، لەرەوشێکی ئاڵۆز و پشێویی و بێسەروبەرییەکی بێوێنەدا، بێسەروشوێن بوو. لەبەرئەوەی کە هاتنی بۆ کوردستان کارێکی خۆویست و سەربەخۆ و سەرەڕۆیانە بوو، هەروەها بەهیچ رێکخراو و دەستەیەکی حکومییەوە نەبەسترابوو، هەربۆیە گەڕان و سۆراخێکی جدیی بۆ دیارییکردنی چارەنووسی لەئارادا نەبوو. خێزانەکەی پاش دیانەرمان و دەنگبڕانی کوڕەکەیان، هەوڵیاندا بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەیان لەدیارنەمانی ئەرۆنسۆن ئاگادار بکەنەوە. ئەوانیش سەرەتا لە باڵیۆزخانەکانیان لە ئەنکەرە و دواتر لەتارانەوە هەوڵی سۆراخی ناوبراویان دا بەڵام بۆ ماوەی حەوت مانگ، هیچ سەرەداوێکیان لەوبارەیەوە دەست نەکەوت، هەتا وەکو ئاژانسی هەواڵەکانی عێراقیی لەبەغداوە لە رۆژی ٣ ی نۆڤەمبەری ١٩٧٦ بڵاویکردەوە کە جولەکەیەکی ئیسرائیلی بەناوی ئەلێکساندەر هارون، لەلایەن دادگای شۆڕشەوە بەتاوانی سیخوڕییکردن بۆ ئیسرائلی زایۆنی دۆژمن سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێنراوە.

لێرەوە هەواڵی لەسێدارەدانی ئەرۆنسۆنی جولەکەنەژاد بەتاوانی سیخوڕییکردن بۆ ئیسرائیل بەدنیادا بڵاوبووەوە، هەروەها خێزان و هاوڕێکان و بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی هۆڵەندا، بەتایبەتی نوێنەرایەتیی یان باڵیۆزی هۆڵەندیی لەبەغدا، هەوڵیاندا لەبنەماکانی ئەو کەیسە بکۆڵنەوەو پەیوەندییان بە بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی عێراق لەبەغدا و هەروەها باڵیۆزی عێراقیی لە لاهای کرد بۆ وەرگرتنی زانیاریی سەبارەت بەچارەنووسی ئەرۆنسۆن، تاوەکو بزانن ماوە یان نا، ئەگەر ماوە لەکوێیە و بتوانن هاوکاریی یاسایی بکەن و ژیانی رزگاربکەن. ئەوەی دواتر بووە کێشەیەکی دیپلۆماسی

و وردەکارییەکان لەگواستنەوەی هەواڵی رۆژنامە جۆربەجۆرەکانەوە دەبینین.

لەلایەکی دیکەوە، ئەرۆنسۆنیش لەزیندانی بەعسییەکاندا، هەوڵیداوە بەرێگەی خۆی، پەیوەندی بە بەرپرسانی وڵاتەکەیەوە بکات و لەو رووەوە لەمانگی نۆڤەمبەر هەتا ناوەڕاستی دیسەمبەری ساڵی ١٩٧٥، چەند کورتە نامەیەکی بەنووسین لەسەر کاغەزی سیمینی پاکەتە جگەرە نووسیوە و لەرێگەی سەردانیکەرانی زیندانییەکانەوە یان ئەوانەی ئازادکراون، توانراوە بەنهێنیی بگەێنرێتە باڵیۆزخانەی هۆڵەندیی لەبەغدا.

ئەرۆنسۆن لەکورتە نامەی ٩ی نۆڤەمبەری ١٩٧٠دا، پاش خەمخۆریی بۆ هاوسەرو منداڵەکەی، باسی ئەو تەنیا داهاتە کەمەی خێزانەکەی دەکات کە لەسەر قەرەبووکردنەوەی قوربانییەکانی جەنگی ١٩٤٠-١٩٤٥ دەژین. هەروەها باس لەپێوستی خۆی بۆ خوێندنەوە بە ئینگلیزیی، داوای رادیۆ و پارەی بۆ خواردن کردووەو دەڵێت لەسەر یارمەتی هاوزیندانییەکانم دەژیم. دواجار باسی ئەشکەنجەی دەرونیی کردووە و داوای بەدەمەوەچوون و دیارکردنی ئەوەی کە چی دەگوزەرێت، کردووە.

لەپەیامی نهێنیی دووەمیدا کە لەهەمان رۆژدا بۆ خێزانەکەی ناردووە، باسی لەوە کردووە کە رۆژی ٢٤ی مارت دەستبەسەرکراوە و پەیوەندیی بەهەر کەسێکەوە لێ قەدەغەکراوە،، هەروەها شەش مانگ و نیو لەزیندانێک بووە لەبەغدا و لە ١٢ی ئۆکتۆبەردا رەوانەی زیندانێکی دیکە کراوە کە ٢٠ میل لەباشووری بەغداوەیە. هەروەها دەڵێت کە ئەشکەنجەی دەرونی وزەی لێ دەبڕێت، ئەو لە زیندانەکانی بیستووە کە رادیۆی بی بی سی وەردەگرن، زانیویەتی کە حکومەتی هۆڵەندیی داوای ئازادبوونی کردووە. ناوبراو لەکۆتایی کورتە نامەکەیدا دەڵێت:" پێویست نییە پێتان بڵێم کە من لە سیخوڕییکردن بێبەریم، بەڵام دادگا بە پێچەوانەی ئەمەوە بریاریداوە. من چاوەڕێی چارەنووسی خۆم دەکەم..."

هەروەها لە کورتەنامەی ٢١ی نۆڤەمبەردا، باسی لە دەنگۆی ئازادکردنی کردووە بێئەوەی هیچ شتێکی فەرمیی پێ بگات. هەروەها هەواڵی ژن و منداڵەکەی پرسیوەو باسی لە هەوکردنی گوێی ناوەڕاستی کردووە کە لەلایەن زیندانییەکانەوە چارەسەری بۆ کراوە. پاشان دیسانەوە باسی لەدۆخی خراپی دەرونیی خۆی کردووە و زیندانی بەعسییەکانی بە "زیندانی جێستابۆ"نابردووە. هەروەها جەختی لەبێتاوانیی خۆی لە ئەنجامدانی هەر جۆرە سیخوڕییەک کردۆتەوە.

ئەرۆنسۆن لە کورتەنامەی ٣ی دیسەمبەری ١٩٧٥دا، کە ئاراستەی هاوسەرو منداڵەکەی کردووە، پاش پیرۆزبایی رۆژی لەدایکبوونیان دەنووسێت:" من لەبیری خۆمدا بەتەواویی لەگەڵ ئێوەدام. لەڕاستییدا رۆژێک تێناپەڕێت ئەگەر بەو شێوەیە نەبێت. من لێرە جگە لە بیرکردنەوە شتگەلێکی دیکەم بۆ ناکرێت. بۆ خۆشبەختیم، من هاوسەرگیریم لەگەڵ مامۆستایەکی باخچەی ساوایان کرد کە فێری کردم سوود لە مەوادی بێسوود بکەم، لە پاکەتی جگەرە و کاغەزە سیمدارەکەی، یاری بچووکی منداڵانە دروستدەکەم و دەیدەم بەو منداڵانەی کە دێن بۆ سەردانی هاوزیندانییەکانم. ئەمە ئەرکێکی باوک و هاوسەرێکی بێسوودی وەک من، ئایا جارێکی دیکە دەتانبینمەوە..."

شایەنی باسە، ئەرۆنسۆن لە کورتەنامەی ١٢ی دیسەمبەردا ئاماژەی به دەستبەسەرکردنەکەی کردووە و نووسیوتی: " لەکەرکوک بەهۆی خیانەتی کوردێکەوە قۆڵبەستکرام، یاخود یەکەمجار قۆڵبەستکرام و دواتر خیانەتم لێکرا. لەسەرەتادا، هاوکاری پارێزەرێکی بەرگریم هەبوو بەوەی کە من ئیسرائیلی نیم. من ئەوەم بۆ دەسەڵاتدارە عێراقییەکان روونکردۆتەوە.

بەو دواییە، هیچ ئیعدامکردنێک نەبووە. پێدەچێت کە سەدام حسێنی جێگری سەرۆک، لەدژی سزای ئیعدامکردن بێت..."

## دەنگدانەوەی کەیسی لەسێدارەدانی ئەرۆنسۆن لەرۆژنامەکاندا

لەپاش راگەیاندنەکەی ئاژانسی هەواڵەکانی عێراقیی لە ٣ی نۆڤەمبەری ١٩٧٥، هەواڵ و کەیسی سەپاندنی لەسێدارەدان بەسەر ئەرۆنسۆندا، بەتاوانی سیخوڕییکردن بۆ ئیسرائیل،بەشێکی زۆر لەبڵاوکراوەو رۆژنامەکانی جیهانی گرتەوە، بەتایبەت رۆژنامە هۆڵەندییەکان و ئەو رۆژنامانەی دیکەی ئەمریکا و ئوستراليا کە بایەخیان بە هەواڵی جولەکەکان دەدا. دیارە جگە لەو زانیارییە وردو زۆرانەی کەلەم رۆژنامانەدا سەبارەت بەو کەیسە بڵاودەکرایەوە، بەهۆی بێسەروشوێنبوونی ئەرۆنسۆن لەکوردستان، بەشێوەیەکی راستەخۆ لەباسی ئەو کەیسەدا ناوی کورد و کوردستانیش دەهات. ئێمە لەم باسەدا هەوڵدەدەین بەشێک لە هەواڵ و وتارەکانی ئەو بڵاوکراوەو رۆژنامانە وەربگێڕین و بیخەنە بەرچاوی خوێنەران.

پێویستە بوترێت کە سەرەتا هەواڵەکان وا بڵاوکرانەوە کە ئەرۆنسۆن لەسێدارەدراوە. لەم بارەیەوە ئاژانسی تەلەگرافی جولەکە "JTA daily news bulletin " کە لە نیۆرک چاپ و بڵاودەکرایەوە، لەلاپەڕەی یەکەمی ژمارە ٢٠٩ی ساڵی پەنجاوهەشتەمینی خۆیدا، کە لەرۆژی چوارشەممەی رێکەوتی ٥ی نۆڤەمبەری ١٩٧٥دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەژێر ناونیشانی :"جولەکەیەکی هۆڵەندی ٣٩ ساڵە، رزگاربووی بێرگن-بێلْسن، لەعێراق وەک سیخوڕێکی ئیسرائیلی لەسێدارەدرا"، نووسیویەتی:

" تەلئەبیب – ٤ ی نۆڤەمبەر (جی تی ئەی)

دوێنێ جولەکەیەکی هۆڵەندی کە ٣٩ساڵی تەمەنە، وەک سیخوڕێکی ئیسرائیلی لەسێدارەدراوە. ئەمڕۆ ئەو هەواڵە لەلایەن خزمەکانییەوە زانراوە. پیاوەکە ئەلێکسەندەر لیۆن ئەرۆنسۆنە، ئەوەی کە دەسەڵاتدارانی عێراقیی بە ئەلێکسەندەر هارون ناساندوویانە. ئەو ژیانی خۆی بۆ نەخۆش و برینداران لەناوچە کارەساتبارەکان وتەواوی

جیهان تەرخانکردبوو، لەوانە هندستان و بیافرا و هەروەها بەنگلادیشیش.

ئەرۆنسۆن لەباکووری عێراق دیارنەما، کە لەوێ وەک پەرستارێک خرمەتی کوردانی دەکرد. کاتێک یاخیبوونەکە لە مارتی پێشوودا هەرەسیهێنا، ئەو رەتیکردبۆوە کە لەگەڵ بیانییەکاندا ئەوێ جێبهێڵێت.

داواکارییەکانی نوێنەرایەتیی دەسەڵاتدارانی هۆڵەندی، کەلەسەر داوای خێزانەکەیان کە داوایان لە شاژن جولیانا کردبوو کە دەستێوەردان بکەن، نەبووە هۆی پێدانی هیچ زانیارییەک لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقییەوە. هەتاوەکو دوێنی راگەیەندراوە کە ئەرۆنسۆن مانگی پێشوو لەلایەن دادگای شۆڕشەوە دادگاییکراوە و سزای مەرگی بەسەرداسەپێنراوە.

سەرچاوە ئیسرائلییەکان، ئەوە ئیدیعایەی عێراقیان بە پوچ راگەیاند گوایە ئەرۆنسۆن ئاژانسێکی ئیسرائیلی بووبێت و لەسوپای ئیسرائیلییدا، خزمەتی کردبێت. بەگوێرەی عێراقییەکان، ئەرۆنسۆن زانیاریی سەربازیی و سیاسی نهێنێی بۆ دەزگای هەواڵگریی ئیسرائیل کۆکردۆتەوە و لەکاتێکدا دەستگیرکراوە، پێی بووە. عێراقییەکان دەڵێن کە ئەرۆنسۆن وەک راوێژکاری ژێنراڵ بارزانی، رابەری یاخیبوونە کوردییەکە، کاریکردووە."

رۆژنامەی هۆڵەندیش "Algemeen Dagblad" کە لەهەمان رۆژی ٥ی نۆڤەمبەردا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەلاپەڕەی یەکەم و حەوتەمی خۆیدا و لەژێرناونیشانی "توڕەبوون لە خنکاندنی هۆڵەندییەکە" نووسیویەتی:

" بەرێز ڤان دێر ستۆیلی وەزیری دەرەوە، لەبرۆکسل چاوی بە دکتۆر غالب مەولود موخلیسی باڵیۆزی عێراق لەبرۆکسل کەوت و بەشەخسی پێی راگەیاند کە حکومەتی هۆڵەندی، بەهۆی لەسێدارەدانی ئەرۆنسۆنەوە، "هەستی بە شۆکێکی توند کردووە".

وەزیر ڤان دێر ستۆیل، باڵیۆزی ناوبراوی لاهای کرد، پاش ئەوەی هەواڵە ڕۆژنامەوانییەکان لەبەغداوە دەرکەوتن کە باس لەوەدەکات دوێنێ شەو ئەرۆنسۆنی هۆڵەندی بە تۆمەتی سیخوڕیی بۆ ئیسرائیل لەعێراق، لەسێدارەدراوە.

هەواڵەکان

پێدەچێت ئەرۆنسۆن ئەم هاوینە لەعێراق دەستگیرکرابێت، بەگوێرەی هەواڵە ڕۆژنامەییەکان لە بەیروت (لوبنان) ەوە، ناوبراو هەڵگری ڕەگەزنامەی ئیسرائیلییە و هەواڵگری سیاسی و سەربازیی بووە و ئەرکی کۆکردنەوەی زانیاریی ئیستیخباراتی بووە لەسەر سوپای عێراق بۆ هاوکارییکردنی یاخییبووە کوردەکان.

بەگوێرەی ئاژانسی ئیستیخباراتی عێراقیی، ئەرۆنسۆن لەساڵی ١٩٥٤دا، سەردانی ئیسرائیلی کردووە و لەوێ بەناوی ئەلێکسەندەر هارون، ڕەگەزنامەی وەرگرتووە.

ئیعدامکردنی ئەرۆنسۆن، هەواڵێکی لەناکاوە بۆ وەزارەتی دەرەوە. وەزارەت، ئەرۆنسۆن بە هۆڵەندی دەزانێت و لە ١٨ی جولای/تەموزەوە و بەهۆی باوکی ئەرۆنسۆنەوە زانیویەتی کە ناوبراو لەکوردستان بێسەرشوێن بووە.

نە باسێ نە خواسێ

لەبەرئەوەی ئەم ناوچەیە بۆ نێو چوار دەوڵەت دەرێژدەبێتەوە، هەربۆیە لە ئەنکەرەی پایتەختی تورکیا و هەروەها لە ئێران و سوریا و عێراقیش، سۆراخی ناوبراو کراوە، نە باسێ و نە خواسێ، ئەو دەوڵەتانە ڕایانگەیاندووە کە ئەرۆنسۆن لەوڵاتەکەیاندا نییە.

ئەرۆنسۆن ویستی هاوکاریی خەڵک بکات

هەروەها لە ناوەڕاستی ئۆکتۆبەریشدا، سەبارەت بەدیارنەمانی ئەرۆنسۆن، بیرخەرەوەیەکی فەرمیی دراوەتە دەسەڵاتدارانی عێراق، بەڵام ئەوەش هیچ وەڵامێکی نەدراوەتەوە. وەزارەتی دەرەوە وای

دەبینی کە پێدەچێت ئەرۆنسۆن کەوتبێتە گرفتێکەوە، لەبەرئەوە داوای زانیاریی دەکرد.

بۆ وەزارەتی دەرەوەی هۆڵەندا ئەوە گرنگ نییە کە ئەرۆنسۆن سیخوڕیی بۆ ئیسرائیل کردبێت، ئەوە شتێکە یەکەمین جار پێویستی بە بەڵگەیە، بەڵام ئەو خاڵەی کە زۆر مایەی پی لەسەرداگرتنە ئەوەیە کە، بەگوێرەی بنەماکانی مامەڵەی دپلۆماسی، عێراق دەبێت پابەندبێت بە پێدانی زانیاریی کە ئایا ئەرۆنسۆن بەفیعلی لەعێراقدا زیندانییە و دادگایی دەکرێت؟ ئەوکاتە هۆڵەندا دەتوانێت هاوکاریی یاسایی پێشکەش بە ئەرۆنسۆن بکات.

ئیسرائیلی

لەو چاوپێکەوتنەی لەنێوان ڤان دێر ستۆیلی وەزیری دەرەوەی هۆڵەندا و مەولود موخلیسی باڵیۆزی عێراق ئەنجامدراوە، هیچ زانیارییەک رانەگەیەندراوە. گریمانەی ئەوەش ئەوەیە کە وەڵامی باڵیۆزی عێراقی ئەوەبێت کە بەگوێرەی زانیارییەکان، ئەرۆنسۆن کەسێکی ئیسرائیلییە و حکومەتی هۆڵەنداش پەیوەندییەکی بەو بابەتەوە نییە. هەربۆیە دوێنی وەزارەتی دەرەوە نەیزانیوە کە چی بەسەر ئەرۆنسۆندا دێت. ئەوەش کەوتۆتە سەر خێزانەکەی کە ئەگەر دەسەڵاتدارانی عێراق رێگە بەوە بدەن، ئایا تەرمی ئەرۆنسۆن دەگوازنەوە بۆ هۆڵەندا؟

گومانێکی مەترسییدار

باوکی ئەرۆنسۆن کە ژمێریارێکی خانەنشینی تەمەن ٦٧ ساڵەیە، گومانێکی مەترسییداری سەبارەت بە چارەنووسی کوڕەکەی هەبووە کاتێک کە بیستوویەتی لیندرتی کوڕی، کە پێی خۆش بووە بە ئەلێکسەندەر بانگ بکرێت، لەنێو شەڕو پێکدادانی کورد و حکومەتی عێراق، لەمارتی رابردووەوە، بێ هیچ بەڵگە و ناسنامەیەک، بێسەروشوێن بووە.

"ئەوان دەیانەوێت کە ئێستاکە ئێمە باوەڕبکەین کە دادگایەکی سەربازیی هاتووە سزای بۆ ئەلێکسەندەر دەرکردووە..."

لەرادیۆوە

ئەرۆنسۆن، ژن ومنداڵەکانی، کە سیانیانی هەڵگرتۆتەوە، لە دی ویلپ لە گرۆنیگن بەجهێشتووە. خێزانەکەی ناچارە کە هەواڵەکان لە رادیۆوە ببیستێت.

بڕوا وایە کە قەدپاڵە چیاییە بەفرینەکانی کوردستان، ناڕاستەوخۆ بکوژی کەسێکی کارگەری کۆمەڵایەتی وەک ئەرۆنسۆن بن.

ئەو لە ١٣-٢٠ ی مارت لەگەڵ دکتۆر نابارۆ لەکوردستان بووە. ئەوان تەواوی کەلوپەل و ئەوراقەکانیان خستۆتە سەر پشتی گوێدرێژێک و لەگەڵ رێبەرەکەیان رۆیشتوون. کە گەیشتوونەتە شوێنێکی لێژو عاسی، رێبەرکە لەگەڵ ئاژەڵەکان بە رێگایەکی جیاوازدا رۆیشتووە. ئەو لەگەڵ ئەو پیاوانەی کە لە رێکخراوی منداڵپارێز کاریاندەکرد، بە دەروازە تەسکەکەدا رۆیشتوون و لەگەڵ ئەوەش چیدی گوێدرێژ و رێبەرەکەیان نەبینیوەتەوە. پێدەچێت لەلایەن یاخییبووەکانەوە یان سەربازانی سوپا کەوتبێتنە بۆسەوە.

دکتۆر نابارۆ لە سێپتەمەبەری رابردوو پێی راگەیاندم کە پیاوەکان هەریەکە و بەلایەکدا بۆ گەڕان و سۆراخکردن رۆیشتوون. ئەرۆنسۆن بێ ئەوراق و پاسپۆرت، لەنێو جەنگەی شەڕی کوردستاندا دەسوڕایەوە، دکتۆر نابارۆش پاش گەڕان و سوڕانێکی زۆر، لە وڵاتی ئێران گیرسایەوە."

پاشان رۆژنامەکە دەڵێت کە ساڵانی ژیانی منداڵیی ئەرۆنسۆن لە کەمپی بێرگن-بێڵسن ی نازییەکان لەکاتی دووەمین جەنگی جیهانیی و ئەو ئازارو مەینەتییانەی بینیونی، کاریگەریی کردۆتە سەر ژیانی و وای لێکردووە کە خۆی تەرخانبکات بۆ هاوکاریی منداڵانی کەمئەندام و خەڵکانی هەڵاتوو لەجەنگ. هەروەها هەر ئەوەش هانیداوە بچێتە دەرەوەی وڵات و لە گابون و بیافرا و شوێنەکانی دیکە، بەشداریی

لەپرۆسە فریاگوزارییەکاندا بکات و جارێکیش هاوکاری دکتۆر ئەلبێرت شیفایتزەری کردووە.

ئەو بۆ ئەو مەبەستە لە سەرەتای ئابی ١٩٧٤دا، هۆڵەندای وڵاتی خۆی جێهێشتووە و بە ئۆتۆمبێلە مارسیدسەکەی رۆیشتووە بۆ عێراق تاوەکو خزمەت بە پەنابەرانی کورد بکات. سەردانی پاکستانی کردووە و لەوێوە منداڵێکی برسی رەوانەی هۆڵەندا کردووە کە خەرجی ناردنەکەی لەلایەن ژنەکەیەوە دابینکراوە. ئێستاکە عێراق دەیەوێت باوەڕبکەین کە ئەلێکس هاوڵاتییەکی ئیسرائیلییە! ئەوە هەمیشە هۆڵەندی بووە و هەتا ئێستاش.

باوکی ئەلێکس پاش دیارنەمانی کوڕەکەی، پەیوەندیی بە زۆربەی ئەو رێکخراوانەوە کردووە کە دەشێت هاوکاربن بۆ سۆراخکردنی. هەروەها پەیوەندیی بە باڵیۆزی عێراق لە لاهای کردووە و لەو بارەیەوە قسەیان کردووە. دەوترێت ئەلێکسەندەر لە ١١ی ئۆکتۆبەردا، لەسێدارەدراوە.

باوکی دەڵێت:" ئەلێکس سەرەڕۆیەک بوو تەنیا بایەخی بە قوربانیانی جەنگ دەدا و ئێستاکەش وا خۆی بۆتە یەکێک لە قوربانیانی ئەو جەنگە."

لە٦ی نۆڤەمبەری ١٩٧٥یشدا، رۆژنامەی هۆڵەندی "NIEUSBLAD Van het NOORDEN" لەلاپەڕەی یەکەمیدا، بابەتێکی سەبارەت بە کەیسی ئەرۆنسۆن لەخۆگرتووە، لەژێر ناونیشانی "هۆڵەندا داوای تەرمی ئەنۆرسۆن دەکات" باس لە داوای باڵیۆزخانەی هۆلەندی لەبەغدا و هەروەها خێزانەکەی ئەرۆنسۆن دەکات بۆ گەڕانەوەی تەرمی ناوبراو بۆ هۆڵەندا. " وەزارەتی دەرەوە هیچ ئامەژەیەکی بەوە نەداوە کە ئاخۆ دەسەڵاتدارانی عێراقی بەوە رازی دەبن یاخود نە. تێڕوانینێکی ئەوتۆ هەیە کە بازنەکانی دەسەلات لە عێراق جیاوازن و ئاگاداری یەکترنین، هەربۆیە لەوانەیە روونکردنەوەی کەیسی ئەرۆنسۆن ماوەیەک بخایەنێت.

بەپێی زانیارییەکانی ئەم وتارە، خێزانی ئەرۆنسۆن لەساڵی ١٩٦٨ەوە چوونەتە دی ویلپ لەگەڵ کوڕەکەیاندا کە ئێستا دە ساڵانە. هەواڵ وایە کە ئەرۆنسۆن لە ١١ی ئۆکتۆبەر لەلایەن دادگای سەربازییەوە سزای لەسێدارەدانی بۆ دەرچووە و تەواوی هەوڵەکانی وەزارەتی دەرەوە بۆ زانینی هەڵەی ئەو پیاوە، بەشکست کۆتاییهاتووە."

رۆژنامەی ئەمریکی " THE DETROIT JEWISH NEWS" لەلاپەڕە ٣٢ی ژمارە ٩دا کە لە رۆژی هەینی رێکەوتی ٧ی نۆڤەمبەری ١٩٧٥دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە. لەژێرناونیشانی :"جولەکەیەکی پەرستار وەک سیخوڕ لەلایەن عێراقییەکانەوە لەسێدارەدرا" هەمان ناوەرۆکی بڵاوکراوەکەی سەرەوەی بڵاوکردۆتەوە و ئەوەشی بۆ زێدەکردووەو دەڵێت :

"خزمان و هاوڕێیانی لەئیسرائیل وتیان کە ئەرۆنسۆن بۆ چەند ساڵێک وەک گەشتیار لەئیسرائیل ژیاوە، بەلام رەگەزنامە و پاسپۆرتەکەی خۆی پاراستووە. ژنەکەی جولەکە نییە و لەگوندێک دەژی لەنزیک گرۆنینگن لە هۆڵەندا، ئەو گوندەی کە ئەرۆنسۆنی لێ لەدایکبووە. ئەوان چوار منداڵیان هەیە، سیانیان هەڵگرتۆتەوە و یەکێکیشیان کوڕی پەنابەرێکی فەلەستینییە (ئەلوین کوڕی خۆی بوو-س). دایکی ئەرۆنسۆنیش رزگاربوویەکی کەمپی بێرگن-بێڵسن ە وباوەپیارەکەشی لە هۆڵەندا دەژی. ئەو لەزستانی ساڵی پار، هۆڵەندای بەرەو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێهێشت و دوانامەی بۆ خێزانەکەی لە ١٣ی مارتدایە. ئەرۆنسۆن وەک مرۆڤدۆستێک وەسفکراوە کە ئەزمونەکەی لەبێرگن-بێڵسن وایلێکرد یارمەتی خەڵکی موحتاج بدات لەهەر رەگەزێک بێت. ئەو وەک پەرستارێکی پزیشکی راهێنانی کردووە و بۆماوەیەک لە خەستەخانەکەی ئەلبێرت شیفایتزەر لە ئەفریقا کاریکردووە. ئەو هاوکاریی نەخۆش و برسییەکانی لەبیافرا و هندستان و پاکستان کردووە و ماوەیەکیشی لە "ڤێرجی ئایلاند"

بەسەربردووە. ئەو لەماوەی نێوان ساڵانی ١٩٥٤-١٩٥٨ لە ئیسرائیل بووە."

پاش ئەم هەواڵانە، هەواڵی دیکە لەرۆژنامەکاندا بڵاوبوونەوە کە ئەرۆنسۆن هێشتا لەژیاندا ماوەو سزاکەی بەسەردا جێ بەجێ نەکراوە. لەم رووەوە رۆژنامەی هۆڵەندی "Trouw" کە لەهەمان رۆژی ٧ی نۆڤەمبەردا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەلاپەڕەی یەکەمی خۆیدا و لەژێرناونیشانی "لەوانەیە ئەرۆنسۆن لەژیاندا مابێت" نووسیویەتی:

" ئەمستەردام- دەوترێت کە پەرستارە بەرەگەز جولەکەکە، لیندرت ئەندەرسۆن کە ٤٠ساڵی تەمەنە، هێشتا زیندوو بێت. دوێنێ نیوەڕۆ، باڵیۆزی عێراق لە هۆڵەندا، ئیسماعیل سەید ئەلقازی، بە تەلەفۆن بە وەزارەتی دەرەوەی لەلاهای راگەیاندووە، کە بە پێچەوانەی راگەیەندراوەکەی پێشوو، ئەرۆنسۆن سزای لەسێدارەدانی بۆ دەرچووە بەڵام هێشتا جێبەجێ نەکراوە.

لە کاتێکی دواتریش، باڵیۆزی هۆڵەندی لە عێراق ئەم بابەتەی بۆ وەزارەتی دەرەوە روونکردۆتەوە و باسی لە پێداگریی بۆ بینینی ئەرۆنسۆن کردووە. لەکاتێکی درەنگانی شەوی رابردوودا، هێشتا وەزارەت نەیتوانیوە بڵێت ئاخۆ باڵیۆزی هۆڵەندی لە بەغدا، هیچی دەستکەوتووە.

پاش ئەو راگەیاندە شۆکهێنەرەی ١١ی ئۆکتۆبەر، ئەم راگەیاندنە نوێیەی باڵیۆزی عێراقیی، دڵەڕاوکێکی زۆری دروستکردووە. حکومەتی هۆڵەندی لەو مانگەی دواییدا، دووجار داوای لە حکومەتی عێراق کردووە کە زانیاریی لەسەر چارەنووسی ئەرۆنسۆن بداتێ، بەڵام هیچ وەڵامێکی وەرنەگرتۆتەوە. بەگوێرەی دایبابی لیندرت ئەرۆنسۆن کە لەئەمستەردام دەژین، ناوبراو لە دوا نامەیدا وتویەتی کە کاری بایەخدانە بە نەخۆشە کوردە یاخیبووەکان. دوای سەرکوتی راپەڕینەکەیان، هیچ شتێکی لەبارەوە نەبیستراوە.

بەگوێرەی دکتۆر نابارۆی سەر بە رێکخراوی منداڵپارێزی ئینگلیزیی، ئەرۆنسۆن لەگەڵ سێ یاخیبووی دیکەی کورددا، لە ٢٤ی مارتدا پێکەوە تەقەیان لێکراوە.

حکومەتی عێراق ئەم هەفتەیە روونکردنەوەی لەسەر لەسێدارەدانی پەرستارەکە داوە بەوە هاوڵاتییەکی ئیسرائیلی و سیخوڕی ئیسرائیل بووە، ئەوەی کە پێچەوانەی قسەی وەزیری دەرەوەی ئیسرائیلە پێش ئەوەی سەردانی هۆڵەندا بکات. ئەو لە فڕۆکەخانەی تەلەبیب وتی:" ئەرۆنسۆن پەیوەندی بە هیچ دەزگایەکی ئیستیخباراتی ئیسرائیلەوە نییە، عێراق ئەوەی وەک بیانوویەک بۆ ئیعدامکردنی پیاوێکی هۆڵەندی هێناوەتەوە کە دەرکەوتووە کەسێکی جولەکەیە." بەگوێرەی ئالۆنی وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل "ئێستاکە کە هۆڵەندا داوای تەرمەکەی ئەرۆنسۆنی لەحکومەتی عێراق کردۆتەوە، دەشێت ئەم داوایە ئەوەی بۆ حکومەتی عێراق دەرخستبێت کە هێشتا ئەرۆنسۆن لەسێدارەنەدراوە و ماوە، هەربۆیە لەم حاڵەتەدا، بۆ حکومەتی هۆڵەندا پێویستە هەموو ئەو زانیارییانەی دەستکەوێت کە تایبەتە بە دادگاییکردنەکە، بۆئەوەی بتوانێت هاوکاریی یاسایی پێشکەشی بەڕێز ئەنۆرسۆن بکات."

لەژمارە ٨٦٤٢ی رۆژنامەی هۆڵەندی " Het Vrije Volk" یش کە لە ٧ی نۆڤەمبەری ١٩٧٥دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەلاپەڕەی یەکەمیدا و لەژێر ناونیشانی "ئەرۆنسۆن هێشتا ماوە" نووسیویەتی:

" لاهای – لەپەیامنێرەکەمانەوە

ئەلێکسەندەر، پەرستارە هۆڵەندییەکە کە ٤٠ ساڵی تەمەنە، هێشتا لەژیاندا ماوە، پەیوەندییەکی تەلەفۆنی کەکۆتایی ئەم بەیانییە گەیشتۆتە وەزارەتی دەرەوە لەلاهای، لەوبەری خەتەکەش بەڕێز ج . میهیوزین، باڵیۆزی هۆڵەندی لەبەغدا، دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە لەوە دڵنیابوونەتەوە کە ئەرۆنسۆن نەمردووە.

دوێنی نیوەڕۆ، باڵیۆزی عێراق لە وڵاتەکەمان ئیسماعیل سەید ئەلقازی، بە وەزارەتی دەرەوەی ڕاگەیاند کە ئەرۆنسۆن، پەرستارەکە، نەمردووە، بەڵکو بە تۆمەتی سیخوڕیی بۆئیسرائیل سزای لەسێدارەدانی بۆ دەرچووە و هێشتا لەسێدارەنەدراوە. بەڕێز میهیوزین دوای ئەوەی دەستبەجێ داوای لێکۆڵینەوەی کردووە بۆئەوەی بزانن ئەو پەیامە ڕاستە.

شەوی ڕابردووش، وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل. ئالون، لەتەلەبیبەوە ڕایگەیاند کە ئەرۆنسۆن هەرگیز کاری بۆ دەزگای هەواڵگریی ئیسرائیل نەکردووە."

"De WAARHID" کە بڵاوکراوەیەکی هۆڵەندییە. هەر لە ڕێکەوتی ٧ی نۆڤەمبەری ١٩٧٥دا و لەلاپەڕە ٤ی خۆیدا و لەژێرناونیشانی "ئەرۆنسۆن نەکوژراوە" نووسیویەتی :

"بەگوێرەی وەزارەتی دەرەوە لەلاهای، ئەرۆنسۆن سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێنراوە، بەڵام سزاکەی جێبەجێ نەکراوە. ئەمڕۆ باڵیۆزی هۆڵەندی لەبەغدا، لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقییەوە لەوە دڵنیاکراوەتەوە کە پەرەستارە هۆڵەندییە ٤٠ ساڵانەکە، لەسێدارە نەدراوەوە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکانی پێشوو، ئەرۆنسۆن لە ڕۆژی دووشەممە لەبەغدا لەسێدارەدراوە. ئەو بە سیخوڕیی بۆ ئیسرائیل تۆمەتبارکراوەو دەسەڵاتدارانی عێراق، ئەرۆنسۆن تەنیا بە ئیسرائیلی دەزانن.

دەوترێت کە پەرستارە ٤٠ ساڵانەکە، ئەوەی لەگەڵ دایکی لەکاتی جەنگدا لەکەمپی بەدناوی بێرگن-بێڵسن بووە، تەنیا لەساڵی ١٩٥٤دا، وەک گەشتیار سەردانی ئیسرائیلی کردووە و ئەرۆنسۆن هۆڵەندییە.

لەکاتێکدا، کە حکومەتی هۆڵەندا، چەند مانگێکە سەرقاڵی دەستکەوتنی زانیارییە سەبارەت بە شوێنی پەرستارەکە لە حکومەتی عێراق، لەڕۆژی دووشەممەدا (٣ی نۆڤەمبەری ١٩٧٥)هەواڵی لەسێدارەدانەکەی گەیشت . هەروەها لیستی تۆمەتبارکردنەکە بۆ

حکومەتی هۆڵەندی نەنێردراوە، هەروەک لەیاسای نێودەوڵەتییدا باوە."

رۆژنامەی " Algemeen Dagblad " کە لەرۆژی شەممەی رێکەوتی ٨ی نۆڤەمبەری ١٩٧٥دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەلاپەڕە ٦ ی خۆیدا و لەژێرناونیشانی "ئەرۆنسۆن لە ژیاندایە، بەڵام لەکوێیە؟" بەقەڵەمی دەستەی نووسەران لەلاهای " نووسیویەتی :

"لیندرت ئەرۆنسۆن لەژیاندا ماوە. باڵیۆزی کاتیی هۆڵەندی لەعێراق، بەڕێز ج. میهیوزین، دوێنی بەیانی جەختیکردەوە بۆ وەزارەتی دەرەوە لەلاهای کە ئەرۆنسۆن هێشتاوە و لەسێدارەنەدراوە.

لەپاش نیوەڕۆی رۆژی پێنجشەممە، سەبارەت بەوەی کە ئەرۆنسۆن مردووە یان نا، نادڵنیاییەکی گەورە لەلاهای هەبوو. دوێنێ بەیانی، بەهۆی ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە باڵیۆزی هۆڵەندی لەبەغدا کردوویەتی، سنوور بۆ ئەم تەمومژە دانرا.

لەکاتی ئێستادا، وردەکاریی سەبارەت بە جێگە و رێوشوێنی گەیاندنی هاوکاریی یاسایی بۆ ئەو هۆڵەندییە دیارنییە کە سزای لەسێدارەدان دراوە و دەوترێت کە ئەرۆنسۆن سیخوڕیی بۆ ئیسرائیل کردووە. وەزارەتی دەرەوە هەوڵدەدات، بەگوێرەی توانا خێزانەکەی ئەرۆنسۆن لەزانیارییەکان ئاگاداربکات و نوێنەری هۆڵەنداش هەموو رواناى خۆی تەرخاندەکات بۆ پێشکەشکردنی زێدەرتین ئاستی هاوکاریی و یاسایی و پێداچوونەوەی سزاکە.

خاتوو ڤان سترایت کۆهین، دایکی ئەرۆنسۆن، بەردەوام لەبەردەم هێڵی تەلەفۆنە و دەیەوێت بەراستی لەوە دڵنیابێتەوە کە ئایا لیندرت ماوە. هەروەها ناتوانێت ئەوەش پەسەندبکات تاوەکو بەچاوی خۆی نەیبینێت. ئەلیزابێس ئەرۆنسۆنی هاوسەرەکەشی لەگوندی دی ویلپ لە گرۆنیگن، لەدۆخێکی نائارام و شپرزەدایە. ئەو لە جولای/حوزەیرانی پێشووەوە ئەرۆنسۆنی نەبینیوە و دوانامەی لە مارتی ئەمساڵدا بەدەستگەیشتووە."

هەروەها رۆژنامەی هۆڵەندی "De Telegraaf" کە لەرۆژی شەممەی رێکەوتی ٨ی نۆڤەمبەری ١٩٧٥دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەلاپەڕە ٣ی خۆیدا و لەژێرناونیشانی "ئەرۆنسۆن لە زیندانی عێراقییەکاندایە" بەقەڵەمی پەیامنێرەکەی "جۆن ڤان نۆرد" نووسیویەتی :

" لەبەغدای پایتەختی عێراقدا، خۆبەخشێکی هۆڵەندی کەناوی ئەلێکسەندەر ئەرۆنسۆنە و تەمەنی ٤٠ ساڵە و خەڵکی گوندی گرۆنیگنە لە دی ویلپ، دەستگیرکراوە. رۆژی دووشەممە رایانگەیاندووە کە ناوبراو بەتۆمەتی سیخوڕیی بۆ ئیسرائیل، لەسێدارەدەدەن.

ئەمڕۆ، باڵیۆزی وڵاتەکەمان لەعێراق بەڕێز جێربن میهیوزین سەردانی ئەرۆنسۆن دەکات لەزیندان. شەوی رابردوو، پیاوەکەمان لە عێراق، لەپەیوەندییەکی تایبەتدا لەگەڵ "جاپ دێلتێنرە" پەیامنێری گۆڤاری هەفتانەی "ئەکسێنت" وتی کە دوێنی بەیانی دەسەڵاتدارانی عێراقیی جەختیان لەوە کردۆتەوە کە ئەلێکسەندەر ئەرۆنسۆن هێشتا لەژیاندا ماوە.

ئەرۆنسۆن بەتۆمەتی سیخوڕیی بۆ ئیسرائیل سزای لەسێدارەدانی بۆ دەرچووە. بەهۆی ئەو راستییەش کە ئیسرائیل ئەوە بەتەواوەتیی رەتدەکاتەوە و ناوبراویش هاوڵاتییەکی هۆڵەندییە، هەربۆیە بڕوام وایە هۆکاری بەجێ بۆئەوە هەبێت کە ناوبراو دەستبەجێ ئازادبکرێت."

لەژمارە ٨٦٤٣ی رۆژنامەی هۆڵەندی " Het Vrije Volk" یش کە لە ٨ی نۆڤەمبەری ١٩٧٥دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەلاپەڕەی یەکەمیدا و لەژێر ناونیشانی "داوا لەعێراق: ئەرۆنسۆن مەکوژن" نووسیویەتی:

" دوێنی ئێوارە، دین ئویل، سەرۆکوەزیرانی هۆڵەندا، لەپرێس کۆنفرانسێکدا رایگەیاند : حکومەتی هۆڵەندی داوای لە عێراق کردووە سزای لەسێدارەدان بەسەر لیندرت ئەرۆنسۆنی پەرستارە هۆڵەندییەکە

٤٠ ساڵانەکە جێبەجێ نەکات. هەروەک دین ئویل باسیکرد، پاش گەیشتنی دڵنیابوون لەبەغداوە، ئەرۆنسۆن هێشتا ماوە، داوای مرۆڤدۆستانە راستەوخۆ رەوانەکراوە.

پزیشکی بریتانی دکتۆر دەیڤد نابارۆ لەرێکخراوی منداڵپارێز، دوێنێ وتی کە دوو رۆژ پێش دەستگیرکردنەکەی، لیندرت ئەرۆنسۆنی لەکوردستان بینیوە.

بەگوێرەی پزیشکە بریتانییەکە، ئەرۆنسۆن لەوکاتەدا بەرگی کوردیی لەبەردابووە دەمانچەیەکیشی پێبووە، بەڵام هیج پێناس و بەڵگەیەکی پێ نەبووە. ئەرۆنسۆن لەو چاوپێکەوتنەدا پێی وتووە کە ئەوراق و پێناس و دەرمانەکانی لەگەڵ گوێدرێژێک و دوو چەکداری پارتیزانی کورد (پێشمەرگە) ونکردووە.

نابارۆ، هۆڵەندییەکە بەکەسێکی " ئایدیال و سەرسەخت " وەسفکرد. ئەو ئامۆژگاری ئەرۆنسۆنی کردبوو کە بەلەبەرچاوگرتنی بارودۆخی سەربازیی، دەبێت عێراق جێبهێڵێت، بەڵام پەرستارەکە پێی وانەبووە کە ژیانی لەمەترسیدایە.

بەگوێرەی لێدوانی دکتۆر نابارۆ، پزیشکە بریتانییەکە، ئەو هۆڵەندییە ویستویەتی لەباکووری عێراقدا، کلینکی تایبەت بەخۆی بکاتەوە."

وتاری دووەمی ئەم ژمارەیە، کە بەناونیشانی "ئەرۆنسۆن لەگەڵ هەموو شت گونجاو بوو" هەوڵیداوە لەرێگەی دیداری پەیامنێرەکەیان لەگەڵ خاتوو ئەلیزابێس ڤان دێینی ٤٣ ساڵە، هاوسەری ئەرۆنسۆن، دۆخی خێزانەکەی لەو کاتەدا بەسەربکاتەوە. بەگوێرەی دیدارەکە، ئەلیزابێس دووجار توشی شۆک بووە، یەکەمجار کەهەواڵی مردنی ئەوەیان پێ راگەیاندووە و دووەمجاریش کە هەواڵی ئەوە بڵاوە کە ئەرۆنسۆن هێشتا ماوە و دەژی بەڵام مەترسیی لەسێدارەدانی لەسەرە.

بەگوێرەی پەیامنێرەکە، ئەلیزابێس لەدۆخێکی گرژو نائارامدا لەگەڵ ئەلوینی کوڕی کە ١٠ساڵانە و هەوەها ٣ منداڵە هەڵگیراوەکەی

دیکەی کە کوڕێکیان خەڵکی بیافرایە، لەنێو باخی خانووە کۆنەکەیاندا دێت و دەچێت. خاتوو ئەنۆرسۆن چەند مانگێکە بەتەنیایە و هاوسەرەکە لەساڵی رابردوودا، بەزەحمەت گەڕاوەتەوە ماڵەوە. ئەلیزابێس دەڵێت " لیندرت حەزی لە چوونەدەرەوە بوو" ئەو سروشتێکی خەماویی و بێئارامیی هەبوو، هەمیشە دەیویست شتێک بکات. خاتوو ئەرۆنسۆن پێشتر بەشێوەیەکی خۆپارێزانە مامەڵەی لەگەڵ رۆژنامەنووسان دەکرد، بەلام ئێستاکە جیاوازە. هێرە بیجما، دراوسێی پێشوویان لەهۆڵەندا دەڵێت "بڕوام وابوو هیچ کەسێک لە ئەرۆنسۆن باشتر نییە، لەگەڵ ئەو پیاوە هەموو شت گونجاوبوو."

ئەرۆنسۆن پێش ٤٠ساڵ لە ئەمستەردام لەدایکبووەو کوڕی لیۆن و سارە ئەرۆنسۆنە. باوکی رەتیدەکاتەوە کوڕەکەی رەگەزنامەی ئیسرائیلی هەبێت و دەڵێت تەنیا رەگەزنامەی هۆڵەندی هەیە. لیندرت ئەرۆنسۆن لەتۆماری مەدەنیدا لەشارۆچکەی ئۆبستەرلاند، لەخانەی دوو رەگەگەزنامەدارەکاندا تۆمارکراوە کە رەگەزنامەی هۆڵەندی و ئیسرائیلییە.

ئەو کاری پەرستاری کردووە ومژدەبەرێکی پزیشکیی بوو، هەروەها رێبەرێکی گەشتیاریش بووە. لەساڵی ١٩٧٣دا، لە بەشی منداڵپارێزیی لە گرونیگن کاریکردووە. ئەو وتویەتی :"پێویستم بە شتێکە لەدژی بجەنگم " مەبەستی ئەو پرۆسە بیرۆکراتییە بووە بۆ هەڵگرتنەوەی منداڵ.

باوکی رەتیدەکاتەوە کە ئەرۆنسۆن لە " شەڕی شەش رۆژە" دا لە ئیسرائیل سەربازبووبێت. ئەو دەڵێت : ئەرۆنسۆن لێرەبوو.

باوکی ئەرۆنسۆن بۆماوەیەک پەیوەندیی بە باڵیۆزی عێراقییەوە کردووە ،من دڵنیام ئەو کاتە لە بەغدا بووە، بەڵام دووشت هەیە، یان ئەوەیە کە باڵیۆزی عێراقیی درۆی لەگەڵ باوکی ئەرۆنسۆن کردووە، یان ئەوەیە لەلایەن حکومەتەکەیەوە، رەوشەکەی پێڕانەگەیەنراوە."

دیسان " JTA daily news bulletin" لەلاپەڕەی یەکەمی ژمارە ٢١٢ کە لە ١٠ی نۆڤەمبەری ١٩٧٥دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەژێر ناونیشانی :" بڕواوایە کە جولەکە هۆڵەندییەکە لە عێراق هێشتا دەژی و خێزانەکەی هەتا نەیبینن بڕوا بەوە ناکەن "، نووسیویەتی:

" بە پێچەوانەی راگەیاندنەکەی ئاژانسی هەواڵنامەی عێراقیی لەچوارشەممەی رابردوو کە دەڵێت جولەکەیەکی هۆڵەندی بەهۆی سیخوڕیی بۆ ئیسرائیل لەبەغدا لەسێدارەدراوە، راپۆرتەکان لە ئەمستەردامەوە رایدەگەیەنن کە ئەلێکسەندەر ئەرۆنسۆن هێشتا لەژیاندا ماوە. ئەوەش هیوای خێزانی ناوبراو لەهۆلەندا و دۆست و ناسیاوەکانی لەو وڵاتە زێدەترکردووە، بەڵام ئەوان چاوەڕیی وەڵامدانەوەی دەسەڵاتدارانی عێراقن بە داواکاریی باڵیۆزی هۆڵەندی لە بەغدا سەبارەت بە چاوپێکەوتنی ئەرۆنسۆن."

وەزارەتی دەرەوەی هۆڵەندی، پاش راگەیاندنی سزای لەسێدارەدانەکە، ناڕەزاتیەتییەکی توندی داوە بە عێراق و بانگێشتی باڵیۆزی عێراقی کردووە بۆ لاهای، بۆ لێپرسینەوە. هەرچەندە، رۆژی پێنجشەممە، سەید عەلی ئەلقازی، باڵیۆزی عێراق لە لاهای، بەوەزارەتی دەرەوەی راگەیاندووە کە تەلەگرافێکی لەبەغداوە بەدەست گەیشتووە، تیایدا هاتووە کە ئەرۆنسۆن وەک سیخوڕێکی زایۆنی قۆڵبەستکراوە، بەڵام هێشتا لەسێدارە نەدراوە. بەگوێرەی هەواڵەکە، باڵیۆزی عێراقیی لەوە توڕە بووە کە دەسەڵاتدارانی هۆڵەندی، لەبری ئەوەی بە تەلەفۆن وردەکاریی کەیسەکەی لێبپرسن، بانگیانکردووە بۆ لاهای.

ئەرۆنسۆن، پەرستارێکە کە بە منداڵیی لە کەمپی بێرگن-بێڵسن رزگاری بووە و هاوکاریی پزیشکیی کوردانی کردووە لەباکووری عێراق، کاتێک لەلایەن پۆلیسی عێراقییەوە، لە ٢٤ی مارتدا دەستگیرکرا. بەگوێرەی هەواڵی ئاژانسی هەواڵەکانی عێراقیی، لەمانگی رابردوودا لەلایەن دادگای شۆڕشەوە دادگایی کراوە و

بەتاوانی کۆکردنەوەی زانیاریی بۆ ئیسرائیل، سزای لەسێدارەدانی بۆ دەرچووە."

وێڕای هەوڵەکان بۆ بینینی ئەرۆنسۆن، عێراقییەکان ئامادەنەبوون رێگە بە هیچ چاوپێکەوتنێک بدەن، لەب بارەیەوە رۆژنامەی "Algemeen Dagblad" ی هۆڵەندی، کە لەهەمان رۆژی ١٠ی نۆڤەمبەردا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەلاپەڕەی حەوتەمی خۆیدا و لەژێرناونیشانی " پەیوەندییەک بە ئەرۆنسۆنەوە نییە" نووسیویەتی:

"وەزارەتی دەرەوە رایگەیاند کە باڵیۆزی هۆڵەندی لە عێراق سەرکەوتوونەبوو لە سەردانیکردنی لیندرت ئەندەرسۆنی ٤٠ ساڵە. هۆکاری شکستی هەوڵەکە نەزانراوە.

باڵیۆز بەڕێز ج. مهیوزین لەهەوڵەکەی بەردەوامدەبێت. حاڵەتێکی گەورەی نادڵنیایی سەبارەت بەچارەنووسی ئەرۆنسۆن لەئارادایە لەپاش ئەو هەواڵەی لە بەغدای پایتەختی عێراقەوە سەبارەت بە لەسێدارەدانی ئەرۆنسۆن بە تاوانی سیخوڕییکردن بۆ ئیسرائیل، بڵاوکرایەوە.

هەروەها وتراوە کە سزاکە جێبەجێ نەکراوە. وەزارەتی دەرەوە زانیاریی سەبارەت بە تۆمەتبارکردنەکەی ئەرۆنسۆن نەبووە. ڤان دیر ستۆیل ی وەزیری دەرەوە، نارەزایەتییەکی توندی داوەتە حکومەتی عێراق و چاوەڕێ دەکات کە ئازادی بکەن. ئیسرائیلیش رەتیدەکاتەوە کە ئەرۆنسۆن سیخوڕبێت."

رۆژنامەی "The Sentinel" کە لە ١٣ی نۆڤەمبەری ١٩٧٥دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەژێر ناونیشانی :" ئەو جولەکە هۆڵەندییەی لەسێدارەدراوە، چالاکی بواری کاری مرۆڤایەتییە و قوربانییەکی نازییەکان بووە " زانیاریی رۆژنامەکانی پێش خۆی دووبارەکردۆتەوە.

له ١٤ی نۆڤەمبەری ١٩٧٥دا، ڕۆژنامەی جولەکەکانی ئوستراليا " The Australian Jewish News" لەژێر ناونیشانی "مەرگی سیخوڕ" بەهەڵە ئەرۆنسۆنی بە عەرەب داناوە و نووسیویەتی:

"ئاژانسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەعێراق لە پەیامێکدا ڕایگەیاند کە عەرەبێک بەتۆمەتی سیخوڕیی بۆ ئیسرائیل لەسێدارەدرا.

ئاژانسەکە لە ڕاگەیاندنێکی فەرمییەوە وەریگرتووە کە دەڵێت: سیخوڕێکی زایۆنی کە ئەلێکسەندەر هارونە، پاش تاوانبارکردنی لەلایەن دادگای شۆڕشەوە بەسیخوڕییکردن بۆ ئیسرائیلی زایۆنی دوژمن، لەسێدارەدرا."

" JTA daily news bulletin" لەلاپەڕە ٣ی ژمارە ٢١٧دا، کە لە ڕۆژی دووشەممەی ڕێکەوتی ١٧ی نۆڤەمبەری ١٩٧٥دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەژێر ناونیشانی :" گومان هەیە کە ئەرۆنسۆن هێشتا زیندووە "، نووسیویەتی:

" تەلەبیەب – ١٦ی نۆڤەمبر- جی تی ئەی

ئەمڕۆ گومان لێرە بڵاوە کە ئەلێکسەندەر ئەرۆنسۆن کە جولەکەیەکی هۆڵەندییەو پێشتر هەواڵدراوە کە لە ٣ی نۆڤەمبەردا، لەبەغدا گوایە بەتاوانی سیخوڕیی بۆ ئیسرائیل لەسێدارەدراوە، هێشتا زیندووە و لەژیاندا مابێت. عێراق ڕەتیکردەوە کە باڵیۆزی هۆڵەندی لە بەغدا چاوی بە ئەرۆنسۆن بکەوێت، بۆئەوەی دڵنیابێتەوە کە ئەرۆنسۆن لەسێدارە نەدراوە وەک ئەوەی پێشتر ئاژانسی هەواڵەکانی عێراق، ڕایگەیاندووە.

عێراقییەکان، ئیدیعای ئەوەدەکەن کە ئەو پەرستارەی مارتی ڕابردوو لە عێراق دەستگیرکراوە، هاوڵاتییەکی ئیسرائیلیە، هەربۆیە ڕێگە بە هێزێکی بیانی وەک هۆڵەندا نادرێت، دەستوەردان لە مەسەلەیەکدا بکات کە عێراق بە بەشێک لە کاروباری ناوخۆی خۆی دەزانێت. دەسەڵاتدارانی هۆڵەندی دەڵێن کە ئەرۆنسۆن هاوڵاتییەکی هۆڵەندییە و خێزانەکەی لەوێ نیشتەجێیە. هەروەها ئەنجومەنی

پارێزگای "فریزلاند" کە هاوسەر و منداڵەکانی ئەرۆنسۆن لەوێ نیشتەجێن، تەلەگرافێکیان بۆ باڵیۆزی عێراق کردووە و داوای لێدەکەن کە ئەگەر ئەرۆنسۆن بەڕاستی لەژیاندا ماوە، با ئازادبکرێت."

لەژمارە ۹۵٦۷ی رۆژنامەی هۆڵەندی " HET PAROOL" کە لە رۆژی ۲۲ی نۆڤەمبەری ۱۹۷٥دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەژێر ناونیشانی :" خاچی سوور لەهەوڵدایە کە پەیوەندیی بە ئەرۆنسۆنەوە بکات"، نووسراوە:

" رێکخراوی نێودەوڵەتی خاچی سوور لەهەوڵدایە نوێنەرەکەی خۆی لەبەغدا پەیوەندیی بە لیندرت ئەرۆنسۆنەوە بکات، ئەوەی سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێنراوە. خاچی سووری عێراقیی، داوای لەحکومەتی عێراق کردووە کە ئەگەر ناکرێت داوای نوێنەری هۆڵەندی پەسەندبکرێت، لانیکەم با رێبدرێت بە خاچی سوور سەردانی ئەرۆنسۆن بکات. خاچی سووری نێودەوڵەتیی لەسەر داوای خاچی سووری هۆڵەندی هەوڵی خۆی دەدات، ئەوەی پێشتر بەشداربووە لەگەڕان بەدوای ئەرۆنسۆندا.

لەپەیوەندییەکانی نێوان هۆڵەندا و عێراقدا، عێراق بەردەوام جەختی لەوە دەکردەوە کە ئەرۆنسۆن سیخوڕێکی ئیسرائیلییە، هەربۆیە رێگە بەحکومەتی هۆڵەندی نادات کە سەردانی بکات، وێڕای ئەوەی کە ئەرۆنسۆن پاسپۆرتی هۆڵەندی پێیە. پرسیار ئەوەیە، ئەو بەڵگانە کامانەن دەیسەلمێنن کە ئەرۆنسۆن هاوڵاتییەکی ئیسرائیلییە وێڕای ئەوەی هۆڵەندییە. ئەوە لەڕووی تیۆرییەوە کارێکە دەکرێت، ئەوەی تاوەکو ئێستا وەلامی نەدراوەتەوە.

هەفتەی رابردوو، باڵیۆزخانەی عێراق ئەو بۆکسەی رەتکردۆتەوە کە دایکی ئەرۆنسۆن بۆ کوڕەکەی ئامادەی کردبوو. لەوبارەیەوە، ئەلقازی باڵیۆزی عێراق بۆی روونکردەوە کە "ئەرۆنسۆن لە وڵاتەکەمدا تاوانی " دوژمنی عێراق "ی بەسەردا بڕاوە، هەربۆیە باڵیۆزخانەی ئەو وڵاتە ناتوانێت بۆکسی بۆ پۆستبکات."

" JTA daily news bulletin" لەلاپەڕە ١و٢ی ژمارە ٢٢٤دا، کە لە ڕۆژی چوارشەممەی ڕێکەوتی ٢٦ی نۆڤەمبەری ١٩٧٥دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەژێر ناونیشانی :" عێراق ڕەتیکردەوە کە ئەرۆنسۆن هێشتا لەژیاندا مابێت"، نووسیویەتی:

"جولەکە هۆڵەندییەکە کە لەلایەن دادگای شۆڕشەوە بەتاوانی سیخوڕیی بۆ ئیسرائیل سزای لەسێدارەدانی بۆ دەرچووە، لەسەرەتای ئەم مانگەدا ئیعدامکراوە. سەرچاوە عێراقییەکان بەنجامدانی لەسێدارەدانەکە ڕەتدەکەنەوە.

ئەمڕۆ، کۆمسیۆنی خاچی سووری نێوەدەوڵەتی وتی کە ماوەی هەفتەیەکیشە بێهودە هەوڵدەدەن کە ڕێپێدان بۆ نوێنەرانی خاچی سوور وەربگرن کە سەردانی ئەرۆنسۆن بکات. بەهەمان شێوە، باڵیۆزخانەی هۆڵەندی لەبەغدا، نکۆڵی لەوەکرد ڕێپێدانی بۆ بینینی ئەرۆنسۆن وەرگرتبێت. باڵیۆزخانەی عێراقیش لەلاهای ڕەتیکردەوە ئەو دیاری و کەلوپەلە پێچراوانە وەربگرێت کەدایکی ئەرۆنسۆن بۆی ناردووە، لەو سەربەنەوە کە زیندانییەکە "دوژمنی عێراقە" و هەربۆیە مافی بەدەستگەیشتنی هیچ هاوکاریی و دیارییەکی نییە. وەزیری دەرەوەی هۆڵنداش، باڵیۆزی عێراقی بۆ کۆبوونەوە بانگکردووە، تاوەکو چارەنووسی ئەرۆنسۆن ڕوونبکاتەوە.

لەکۆبوونەوەکەی پێشوودا، بەرپرسە عێراقییەکە جەختی لەوەکردەوە کە سزای لەسێدارەدانەکە هێشتا جێبەجێ نەکراوە. ئەرۆنسۆن کە پەرستارێکە لەباکووری عێراق لە ٢٤ی مارتی پێشوودادەستگیرکرا، لەکاتێکدا هاوکاریی پزیشکیی پێشکەش بە کوردان دەکرد."

هەروەها ڕۆژنامەی هۆڵەندی "HET PAROOL" لەژمارە ٩٥٩٧ی خۆیدا کە هەر لە ٢٦ی نۆڤەمبەری ١٩٧٥دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، وەک نارەزایەتییەک لەدژی پێداگرییەکانی عێراق بۆ وەڵامنەدانەوەی وەزارەتی دەرەوەی هۆڵەندی و باڵیۆزخانەی ئەو

وڵاتە لەبەغدا، سەبارەت بە زانینی چارەنووسی ئەرۆنسن و بینینی، کاریکاتێرێکی لەسەر سەرۆکی ئەوسای عێراق "ئەحمەد حەسەن بەکر" دابەزاندووە کە بەبەرگی سەربازییەوەیە و لەپشتەوەی زیندانێک هەیە کە کلیلەکانی بەخۆیەتی وەک سیمبولێک بۆ دیکتاتۆریی سەربازیی لەعێراقدا، لەژێر کارکاتێرەکە نووسراوە:"ئەرۆنسۆن؟ ئەوە کێیە هێشتا باسی ئەرۆنسۆن دەکات"

" JTA daily news bulletin" لەلاپەڕە٤ی ژمارە ٢٣٠دا، کە لە رۆژی هەینی رێکەوتی ٥ی دیسەمبەری ١٩٧٥دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەژێر ناونیشانی :" داواکاریی بۆ زانینی چارەنووسی ئەرۆنسۆن "، نووسیویەتی:

"حکومەتی هۆڵەندا بە عێراقی راگەیاندووە کە "زۆر توڕەیە" بەهۆی رەتکردنەوەی بەردەوامی بەغدا سەبارەت بە رێپێدانی نوێنەرایەتییەکەی بۆ بینینی ئەلێکسەندەر ئەرۆنسۆن و ناچاردەبێت فشاری دپلۆماسی توند بگرێتەبەر بۆئەوەی گرێنتی گەیشتنی بەو جولەکە هۆڵەندییە دەستبکەوێت. دەسەڵاتدارانی هۆڵەندی دەیانەوێت لەوە دڵنیابنەوە، کە ئەرۆنسۆن بەراستیی لەژیاندا ماوە.

ئاژانسی هەواڵەکانی بەغدا رایانگەیاند کە ناوبراو بەتاوانی سیخوڕیی بۆ ئیسرائیل لەسێدارەدراوە و دەسەڵاتدارانی عێراق دواتر ئەوەیان رەتکردەوە کە حوکمی لەسێدارەدانەکە جێبەجێکرابێت، بەڵام ئەوەشیان رەتکردۆتەوە کە چ لەلایەن دەسەڵاتدارانی هۆڵەندییەوە یاخود لەلایەن نوێنەرانی خاچی سووری نێودەولەتییەوە، سەردانی ئەرۆنسۆن بکرێت.

نیکۆلاس ڤان دیجیل، پزیشک لە بەشی ئاسیایی و ئەفریقی لە وەزارەتی دەرەوەی هۆڵەندی، بە باڵیۆزی عێراقی لە لاهای وتوە، کە دەسەڵاتدارانی هۆڵەندی دەیانەوێت لەوە دڵنیابنەوە کە ئایا بەراستی ئەرۆنسۆن لەسێدارەدراوە یاخود هێشتا لەژیاندا ماوە."

هەروەها " JTA daily news bulletin" لەلاپەڕە ٢ژمارە ١٠ی ساڵی پەنجاو نۆیەمینیدا، کە لە رۆژی پێنجشەممەی ڕێکەوتی ١٥ی یەنایەر/ کانونی دووەمی ١٩٧٦دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەژێر ناونیشانی :" دەوترێت ئەرۆنسۆن لەسێدارەدراوە"، نووسیویەتی:

" پەیامنێرێکی باڵای بەریتانی کە بەم دواییە لە عێراق بووە، دوێنێ بە ئاژانسی تەلەگرافی جوولەکەکانی ڕاگەیاندووە، بەپێی باشترین زانیاریەکانی، جولەکەیەکی لەدایکبووی هۆڵەندی ئەلێکسەندەر ئەرۆنسۆن لە مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ڕابردوودا لەلایەن حوکمڕانی سەربازیی عێراقەوە هەڵواسرا، وەک ئەوکاتە لە نامەیەکی ئاژانسی هەواڵی عێراقیدا لە بەغداوە بڵاوکرایەوە.

دواتر دەسەڵاتدارانی عێراق ئیدیعایان کرد کە ئەرۆنسۆن وەک "سیخوڕێکی ئیسرائیلی" سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێنراوە بەڵام لەسێدارەدانەکە ئەنجام نەدراوە.

دەسەڵاتدارانی عێراق هەموو هەوڵەکانی حکومەتی هۆڵەندایان ڕەتکردەوە بۆ دڵنیابوون لە چارەنووسی ئەرۆنسۆن بە ئەنجامدانی پەیوەندی لەگەڵیدا لە ڕێگەی ئەندامێکی ستافی باڵیۆزخانەی هۆڵەندا لە بەغدا.

(وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی هۆڵەندا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا دوێنێ لە ئەمستردام پشتڕاستی کردەوە کە هەموو هەوڵەکان تا ئێستا بێئەنجام بوون و وەزارەتی دەرەوە بیر لە بەکارهێنانی ڕێگەی دیکە دەکاتەوە. وتەبێژەکە ئاماژەی بەوە نەکردووە کە دەبێ ئەو شێوازانە چی بن. دەسەڵاتدارانی عێراق، لەڕاستیدا زۆربەی نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی هۆڵەندایان لە ماوەی دوو مانگ و نیودا پشتگوێ خست و ئیدیعایان کرد کە بابەتی ئەرۆنسن کارێکی ناوخۆیی بووە.)

لەلایەکی دیکەوە، وتەبێژی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لێرە ئەمڕۆ بە JTAی ڕاگەیاند کە هیچ زانیارییەکیان لەسەر چارەنووسی ئەرۆنسۆن نییە."

ڕۆژنامەی هۆڵەندی "Trouw" لە ڕۆژی ٢٩ی یەنایەری ١٩٧٦دا و لەژێر ناونیشانی" وەزارەتی دەرەوە هێشتا لەوبڕوایەدایە ئەرۆنسۆن لەژیاندا ماوە" نووسیویەتی:

" لە تیمی سەرنوسەری لاهایمانەوە، لاهای — وەزارەتی دەرەوە لە لاهای، هێشتا وا گریمانە دەکات کە ئەلێکسەندەر ئەرۆنسۆنی هۆڵەندی، کە ساڵی ڕابردوو لە عێراق دەستگیرکرابوو، لە ژیاندابێت. بەم ڕاگەیاندنە، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوە دوێنێ موناقەشەی لەسەر ئەو ڕاپۆرتانەی ئەم دواییە کرد کە باس لەوەدەکەن کە ئەرۆنسۆن ساڵی ڕابردوو پێشتر لە سێدارە دراوە (وەک لە یەکەم ڕاپۆرتەکاندا دەربارەی ئەو باس لەوە دەکەن) چونکە گوایە سیخوڕی بۆ ئیسرائیل کردووە.

وەزارەتی دەرەوە پێی وایە دڵنیاییەکی گونجاوی هەیە کە ئەرۆنسۆن لە ژیاندایە . ئەمە سەرەڕای ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتدارانی بەغدا بۆ ڕێگەدان بە بەرپرسی کاروباری هۆڵەندی بەڕێز جی. میهیوزین کەچاوی بە ئەرۆنسۆن بکەوێت. کێشەی ئەم حاڵەتە ئەوەیە کە بە گوێرەی عێراق ئەرۆنسۆن ڕەگەزنامەی ئیسرائیلی هەیە. بۆیە هۆڵەندا هیچ پەیوەندییەکی بەم پیاوەوە نییە، بۆیە ئەم عەقڵییەتە لە بەغدا کاری پێ دەکرێت."

ڕۆژنامەی هۆڵەندی "Leeuwarder Courant"یش کە لە ١٦ ی مارتی ١٩٧٦دا چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لە لاپەڕە ١٤ی خۆیداو لەژێر ناونیشانی : "مردنی ئەرۆنسۆن بەتەواوەتی سەرسوڕمانێک بوو بۆ وەزارەتی دەرەوە" دەڵێت: " ئێوارەی دوێنێ وتەبێژی وەزارەتی دەرەوە لە وەڵامی ئەو هەواڵە پشتڕاستکراوەی کە سێ مانگ لەمەوبەر هەبوو کە لیندرت ئەرۆنسۆن لە عێراق لەسێدارەدراوە،

وتی: "ئەوە بۆ ئێمە مایەی سەرسوڕمانێکی تەواو بوو". "ئێمە بە قووڵی تووشی شۆک بووین بەهۆی ئەوەی ڕوویداوە. هیچ ئاماژەیەک نەبووە کە ئەمە ڕوویداوە." وتەبێژەکە ڕایگەیاندووە کە بەرپرسی کاروباری هۆڵەندی لە عێراق، بەڕێز جێربن میهویزین، بەردەوام فشاری لەسەر دەسەڵاتدارانی بەغدا کردووە بۆ وەرگرتنی مۆڵەت بۆ قسەکردن لەگەڵ ئەرۆنسۆن. بەڕێز مێهویزین ویستویەتی هاوکاریی کونسوڵگەری پێشکەش بە ئەرۆنسۆن بکات و لەوانەیە پارێزەرێک ڕێکبخات.

دەسەڵاتدارانی عێراق چەندین جار مۆڵەتی بەرپرسی کاروباری هۆڵەندییان ڕەتکردبووەوە، بەڵام ئەو بڕوایەیان نەدابوو کە ئەرۆنسۆن ماوەیەک لەمەوبەر لەسێدارەدراوە. سەرسوڕمانەکە سەبارەت بە ڕووداوەکەی وەزارەتی دەرەوە لە لاهای بەتایبەت گەورە بوو، "چونکە خەڵک لە عێراق دەیانزانی کە گرتنی ئەرۆنسۆن لە هۆڵەندا بابەتێکی هەستیارە". دوێنێ پاشنیوەڕۆ، خاتوو سارا ئەرۆنسۆن کۆهین لە هۆگێرسترات لە ئەمستردام - دایکی لیندەرت - لە هەواڵی لەسێدارەدانەکە لەلایەن لایەنی عێراقییەوە ئاگادارکرایەوە. دەستبەجێ پەیوەندی بە وەزارەتی دەرەوەوە کرد، کە پشتڕاستکردنەوەی پەیامەکەی لە بەرپرسی کاتی کاروباری عێراق لە هۆڵەندا، ئەلقازی وەرگرت.

لایەنی عێراقیی وەڵامی پرسیارەکانی هۆڵەندای دایەوە و ڕایگەیاند، هیچ پابەندبوونێکیان نییە کە حکومەتی هۆڵەندا لە مردنی ئیسرائیلییەک ئاگادار بکەنەوە. ئێمە تەنها میهرەبانیمان هەبوو کە بنەماڵەی هۆڵەندی لەم ئیسرائیلییە ئاگادار بکەینەوە". بەپێی ڕاپۆرتی بەرپرسی عێراقی لە لاهای، سەلمێنراوە کە ئەرۆنسۆن "سیخوڕێکی زایۆنیستی" بووە. بەڵام بازنەکانی دەسەڵاتدار لە لاهای پێیان وایە کە ئەرۆنسۆن - هەرچەندە جگە لە ڕەگەزنامەی ئیسرائیلی - ڕەگەزنامەی هۆڵەندیشی هەبووە.

هاوسەری چەند مانگێکە لە گرژییەکی گەورەدا دەژی. یەکەم لە ٤ی نۆڤەمبەری ساڵی ڕابردوودا، هەواڵەکە واهات کە هاوسەرەکەی لە سێدارە دراوە. دوای دووڕۆژ، ئەمە ڕەتکرایەوە. وترا کە تەنیا سزای بەسەردا سەپێنراوە. کاردانەوەی کەسێک بوو کە لە ماڵی خاتوو ئەرۆنسۆن وەڵامی تەلەفۆنەکەی دایەوە و وتی: "ئەو باوەڕ ناکات". ڕێوشوێنەکان گیرایەبەر، چالاکییەکە لە هێڵی یارمەتی تەلەفۆنی فریسلاندەوە ئەنجامدراوە، کە ئەرۆنسۆن بۆ ماوەیەک وەک سەرۆکی پڕۆژەکە بە وەکالەت کاری کردووە. واژۆ لە کڵێساکانی سیگەرسود و دەوروبەری و لە سورهویزۆم کۆکرایەوە. هەمان شت لە شاری پۆرتوگال لە نزیک ڕۆتەردام ڕوویدا کە خاتوو ئەرۆنسۆن لەوێ لەدایک بووە. جێبەجێکاری پارێزگای فریسلاند تەلەگرامێکی بۆ باڵیۆزی عێراق نارد کە تێیدا بانگەوازێکی بەپەلە ئاراستەی حکومەت کرا لە بەغدا بۆ ئەوەی ژیانی ئەرۆنسۆن بپارێزێت .

بەڵام لەماوەی ئەو هەموو ماوەیەدا، ئەو نادڵنیاییە خنکێنەرە هەر مابووەوە: ئایا ئەرۆنسۆن مردووە، یان هێشتا لە ژیاندایە؟ لە دی ویلپ سندوقێکی پشتیوانی دامەزرا بۆ ئەوەی یارمەتی یاسایی پێشکەش بکات. لە ١٣ی ژانویە هەواڵەکە هات کە پێدەچێت دۆسیەی ئەرۆنسۆن لە پەیوەندی لەگەڵ گرێبەستە بازرگانییە نزیکەکان لەگەڵ عێراق ڕابگیرێت، بەڵام وەزارەتی دەرەوە ئەو هەواڵەی ڕەتکردەوە. لێرەوە دواتر دەرکەوت کە ليندەرت ئەرۆنسۆن هێشتا لە ژیاندایە. هیوایەکی درۆینە، وەک ئێستا دەردەکەوێت.

ليندەرت ئەرۆنسۆن کەسایەتییەکی نائارام بوو. لە منداڵیدا لە ئۆردوگای کۆکردنەوەی وێستەربۆرک و بێرگن-بێلسن بووە لە کاتی جەنگی جیهانی ڕابردوودا. بە وتەی باوکی لەوێ منداڵی خۆی لەدەستداوە و ویستویەتی بیگوازێتەوە بۆ ئەو منداڵانەی کە گرنگی پێدەدا. لە لەندەن وەک پەرستار ڕاهێنرا و لەو شوێنانەی کە پێویستی هەبوو یارمەتی پێشکەشدەکرد. لە لای دکتۆر ئەلبێرت شیفاتزەر کاری

کردووه، هەروەها لە کاتی ڕاپەڕینی بیافراییەکان لە نەیجیریا، لە کۆمپانیای تێریێ دی هۆمس و خاچی سوور کاری کردووە."

هەر لە ١٦ی مارتی ١٩٧٦دا، رۆژنامەی هۆڵەندی " Het Parool " لە لاپەڕە ٢ و لەژێر ناونیشانی " ئەرۆنسۆن دەبوو یارمەتی خەڵک بدات" نووسیویەتی:

" لە ٣ی نۆڤەمبەری ساڵی ڕابردوودا، یەکەم ڕاپۆرت لە بەغداوە هات کە پەرستاری هۆڵەندی لیندرت ئەرۆنسۆن بە تاوانی سیخوڕیکردن بۆ ئیسرائیل سزادراوە و هەڵواسراوە. دوای چوار ڕۆژ، بەڕێز جی میهویزن، بەرپرسی کاروباری هۆڵەندی بۆ عێراق، پەیامی پێگەیشت کە بەڕاستی ئەرۆنسۆن سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێنراوە، بەڵام هێشتا لەسێدارە نەدراوە. هەر دوای ئەوە، حکومەتی هۆڵەندا - کە پێشتر چەندین جار داوای دۆزینەوەی ئەرۆنسۆنی کردبوو - بانگەوازێکی بەپەلەی لە عێراق کرد کە سزای لەسێدارەدانەکە جێبەجێ نەکات.

باڵیۆزی هۆڵەندیی کە چەند ڕۆژێک هەوڵیدا بچێتە ئەو زیندانەی کە بڕیار بوو ئەو هۆڵەندییە لێیە،بەڵام بەهۆی دەسەڵاتدارانی عێراقەوە، هەرگیز سەرکەوتوو نەبووە لە بینینی ئەرۆنسۆن. هۆکاری ڕەتکردنەوەی چوونە ژوورەوە - سەرەڕای دڵنیاییەکانی پێشوو - ئەوە بوو کە ئەرۆنسۆن هۆڵەندی نەبووە، بەڵام بۆیە ئیسرائیلی و بەرپرسی کاروباری هۆڵەندی ناتوانن هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵدا هەبێت. دواتر دەرکەوت کە چەند ڕۆژێک پێش دەستگیرکردنی ئەرۆنسۆن ڕاپۆرتێکی پزیشکی لەسەر دۆخی سەربازیی کوردستان هەڵگرتبوو. لە نەخشەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە کام ناوچە کەوتووەتە دەستی سەربازانی حکومەتی عێراق. ئەرۆنسۆن مۆڵەتی سەرکردە یاخیبووەکانی کوردی هەڵگرتبوو و هیچ ناسنامەیەکی دیکەی نەبوو.

ئەم پەیامە لە پزیشکی منداڵانی ئینگلیزی دکتۆر دەیڤید نابارۆوە هاتووە، ڕەنگە یەکێک بێت لە دوا کەسەکان کە ئەرۆنسۆنی بە

زیندووی بینیبێت. لە کۆتاییەکانی ساڵی ڕابردوودا چاوی پێی کەوتووە، دوای ئەوەی ئەرۆنسۆن گوێدرێژەکەی و هەموو کاغەزەکانی لە مانگی مارتی ساڵی پێشوو لەدەستدا و سەرەڕای ئامۆژگارییەکان هەر بەردەوام بووە، ناچاربوو و هاوکاری خەڵکی دەکرد، بەهەموو نرخێکەوە، بەبێ کاغەز، بەبێ دەرمان. تەنانەت خاچی سووریش هۆگری هاوکاریی ئەو نەبوو، چونکە ئەو جۆرە کەسێکی هێندە نامۆبوو، کە هەمیشە ناوی جیاوازی دەگرت، نەیدەتوانی خۆی بناسێتەوە و نەیدەویست گوێ لە کەس بگرێت.

هاوڕێ هۆڵەندییەکانی ئەرۆنسۆن، ئیرادەی نەبڕاوەی ئەویان بۆ یارمەتیدانی خەڵکی لە ڕابردووی ئەو هۆڵەندییە جوولەکە تەمەن ٤٠ ساڵانەدا ڕوونکردەوە. ئەو لە کەمپی بێرگن-بێلسن ڕزگاری بووە، کە دەوترێت سێ جار دایکی لە مردن ڕزگار کردووە. دوای شەڕەکە بە هەوکردنی سیلەوە دەچێتە سویسرا، لەوێ ئەلبێرت شیفایتزەری ناسی و ساڵانێک کاری بۆ دەکات. لە ساڵانی دواتردا ئەرۆنسۆن بە نزیکەیی هەموو جیهاندا سەرگەردان بوو، تا کۆتاییەکەی لە ئاژاوەی کوردستاندا بوو..."

"Algemeen Dagblad" ی هۆڵەندیش، کە هەر لە رۆژی ١٦ ی مارتی ١٩٧٦د، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەژێرناونیشانی " سکرتێرەکە وتی" نووسیویەتی:" چیتر هیچ شتێکی مرۆیی لەم بارەیەوە نییە"، کاردانەوەی خاتوو ئەرۆنسۆن بوو لە ئەمستردام، دایکی لیندەرت ئەرۆنسۆن , درەنگانی شەوی ڕابردوو. هاوسەرەکەی کە ژمێریار لیۆ ئەرۆنسۆن بوو، لەو ساتەدا هێشتا لە ڕێگادا بوو بۆ ماڵەوە. سکرتێری باڵیۆز ئەلقازی دوێنێ پاشنیوەڕۆ پەیوەندی بە خاتوو ئەرۆنسۆنەوە کرد و کاتژمێر چارەکێک بۆ شەش و ئەم وشانەی گوت: "من فەرمانەکەم هەیە بۆ ئەوەی ئاگادارتان بکەمەوە کە لیندرت ئەرۆنسۆن سێ مانگ لەمەوبەر لەسێدارە دراوە". دایکی لیندرت کە زۆر تووشی شۆک بووە و دەڵێت: "ئەگەر من سکرتێرێکی وا بوومایە، بە سەرۆکەکەم دەگوت، تۆ دەتوانیت خۆت چارەسەری بکەیت، بەڵام من ئەوە ناکەم".

ئێستا خاتوو ئەرۆنسۆن ئاشکرای دەکات کە دوای ٦ی نۆڤەمبەر کە هەواڵەکان دەرکەوتن، بەڵگە پێشکەش بە بەرپرسی کاروباری هۆڵەندی کرا کە کوڕەکەی هێشتا لە ژیاندایە.

ئەو نایەوێت بڵێت ئەوە چ جۆرە بەڵگەیەک بووە. گوتیشی: "راستەوخۆ دوای پەیوەندییە تەلەفۆنییەکە پەیوەندیم بە وەزارەتی دەرەوە کرد، ئەوانیش بە نۆرە تەلەفۆنیان بۆ باڵیۆز ئەلقازی کرد و پرسیاریان کرد کە بۆچی پشتگوێخراون. وەڵامەکە ئەوە بوو: 'ئێوە هیچ پەیوەندییەکتان بەوەوە نییە، چونکە ئەو هۆڵەندی نییە..."

لە رۆژنامەی هۆڵەندی " Het Vrije Volk" یش کە لە ١٦ی مارتی ١٩٧٦دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەلاپەڕەی یەکەمیدا و لەژێر ناونیشانی " ئەرۆنسۆن ٣ مانگ لەمەوبەر کوژاوە" نووسیویەتی:

"(لە یەکێک لە پەیامنێرانمانەوە) لاهای - وەزارەتی دەرەوە درەنگانی شەوی ڕابردوو، ڤان دێر ستۆیلی وەزیری دەرەوە، کە سەردانی تورکیا دەکات، ئاگادارکردەوە کە لیندرت ئەرۆنسۆنی هۆڵەندی تەمەن ٤٠ ساڵ سێ مانگ لەمەوبەر لە عێراق لە سێدارە دراوە.

وەزارەت بەم هەواڵە تووشی شۆک بوو. وتەبێژێک دەڵێت: هەمیشە ئەو بڕوایەمان پێدەدرا کە ئەرۆنسۆن هێشتا لە ژیاندایە. بەڵام پێش ئەوەی وەزیر ڤان دێر ستۆیل بگەڕێتەوە وڵاتەکەمان،هەنگاوی فەرمیی دژ بە عێراق چاوەڕوان ناکرێت. ناوبراو سبەی نیوەڕۆ، لە سەردانێکی فەرمی بۆ تورکیا دەگەڕێتەوە هۆڵەندا. دایکی لیندرت ئەرۆنسۆن شەوی ڕابردوو کاتژمێر چارەک بۆ شەش لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە لەلایەن سکرتێری باڵیۆزخانەی عێراقەوە لەبارەی مردنی کوڕەکەی ئاگادارکرایەوە. بە واتایەکی دروست وتی: "ڕێنماییم پێدراوە ئاگادارتان بکەمەوە کە لیندەرت ئەرۆنسۆن سێ مانگ لەمەوبەر لەسێدارە دراوە". دوای ئەوەی خاتوو ئەرۆنسۆن وەزارەتی دەرەوەی ئاگادارکردبووەوە، ئەم پەیامە بە فەرمی لەلایەن بەرپرسی

کاروباری عێراقیی لە وڵاتەکەمان، ئیسماعیل سەید ئەلقازی، پشتڕاستکرایەوە.

لیندرت ئەرۆنسۆن لە مانگی مارتی ساڵی ڕابردوودا لە باکووری عێراق دەستگیرکرا، ئەوکات دیمەنی خەباتی کورد بۆ سەربەخۆیی بوو. ئەو لەگەڵ پزیشکێکی بەریتانی بۆ ڕێکخراوێکی یارمەتیدانی منداڵان چووبووە ئەوێ.

دەستگیرکردنی ئەو تەنیا کاتێک ڕاگەیەندرا، کە ئاژانسی ڕۆژنامەوانیی عێراقیی لە سەرەتای مانگی نۆڤەمبەردا بڵاویکردەوە کە ئەرۆنسۆن بە تۆمەتی "سیخوڕیکردن بۆ ئیسرائیل" لەسێدارەدراوە. ڤان دێر ستۆیلی وەزیری شۆکبوو، دەستبەجێ دکتۆر مەولود موخلیسی باڵیۆزی عێراقی بانگهێشت کردو ئەویش پێی وت کە بەڕاستی ئەرۆنسۆن سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێنراوە، بەڵام سزاکە جێبەجێ نەکراوە. دواتر وەزارەتی دەرەوە داوای لە بەرپرسی کاروباری هۆڵەندی لە بەغدا، جی میهویزین کرد کە سەردانی ئەرونسۆن بکات . جی.میهوزین، سەرکەوتوو نەبوو لە گەیشتن بەو هۆڵەندییە، چونکە حکومەتی عێراق ئەو هەڵوێستەی گرتەبەر کە ئەرۆنسۆن ئیسرائیلییە و بۆیە هۆڵەندا هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نییە. بەگوێرەی عێراق، ئەرۆنسۆن لە ساڵی ١٩٥٤دا چۆتە ئیسرائیل و لەوێ بە ناوی ئەلێکسەندەر هارون ژیاوە. هەروەها دەوترێت لە کاتی دەستگیرکردنیدا کاغەزی ئیسرائیلی لەگەڵ خۆیدا بووە.

بە هەمان هۆکار، ڕەنگە باڵیۆزخانەی عێراق ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە وەزارەتی دەرەوە نەکردبێت، بەڵکو لەبری ئەوە هەواڵی لەسێدارەدانی ئەرۆنسۆنی لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە بە دایکی گەیاندووە.

خاتوو ئەرۆنسۆن، شەوی ڕابردوو ڕایگەیاند کە زۆر توڕەبووە لە شێوازی گەیاندنی هەواڵەکە بۆی. ئەو دەڵێت: "ئەو شتە بەبێ هیچ هەستێکی بەزەیی لەلایەن باڵیۆزی عێراق لە هۆڵەندا بەڕێز ئەلقازییەوە بۆم ڕاپۆرتکرا". لیندرت ئەرۆنسۆن ژن و کوڕێکی

تەمەن دە ساڵان و منداڵێکی ئاسیایی بەخێوکراوی لە گوندی دی ویلپی فریزی بەجێهێشتووە.

ئەرۆنسۆن لەلایەن هاورێکانیەوە بە ئایدیالیست وەسف دەکرا. دوای ئەوەی لە ئۆردوگای قڕکردنی بێرگن-بێلسن لە کاتی جەنگدا ڕزگاری بوو، بڕیاریدابوو تا کۆتایی ژیانی خۆی تەنیا بۆ یارمەتیدانی کەسانی دیکە تەرخان بکات."

هەروەها " JTA daily news bulletin" ئەمریکی لەلاپەڕەی یەکەمی ٥٣ کەلە رۆژی١٧ی مارتی ١٩٧٦دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەژێر ناونیشانی :" باڵیۆزخانەی عێراق لەسێدارەدانی لیۆن ئەرۆنسۆن لە بەغداد پشتڕاست دەکاتەوە"، نووسیویەتی:

" ئەمڕۆ وەزارەتی دەرەوەی هۆڵەندا، لە نارەزایەتییەکی فەرمییدا بەرامبەر عێراق، بەهۆی لەسێدارەدانی جولەکەیەکی لەدایکبووی هۆڵەندا بەناوی لیۆن ئەرۆنسۆن لە بەغدا "شۆک و ترسناکیی قووڵ"ی دەربڕی. هەروەها وەزارەتی دەرەوە، توڕەیی و سەرسوڕمانی قووڵی دەربڕی کە هەرچەندە نزیکەی سێ مانگ لەمەوبەر ئەرۆنسۆن هەڵواسرا، بەڵام تا دوێنێ دەسەڵاتدارانی عێراق پێداگرییان لەسەر ئەوە کردبوو کە ئەو لەژیاندایە. وتەبێژی وەزارەتی دەرەوە وتی ئەمە "هەڵوێستێکی بێهاوتایە کە زۆر لەو سنوورە تێدەپەڕێت کە لە پەیوەندییە دیپلۆماسییە ئاساییەکاندا شیاوە ".

دوێنێ باڵیۆزخانەی عێراق، بۆ یەکەمجار بنەماڵەی ئەرۆنسۆنی لە لەسێدارەدانەکە ئاگادارکردەوە، کە لەمانگی نۆڤەمبەری ساڵی ڕابردوودا لەلایەن ئاژانسی هەواڵی عێراقییەوە بڵاوکرایەوە، بەڵام دواتر لەلایەن ڕژێمی بەغداوە ڕەتکرایەوە. ئەو پەرستارە پیاوە تەمەن 40 ساڵە و کە ئەلێکسەندەر هارون ناسراوە، لە مانگی ئۆکتۆبەری ڕابردوودا لەلایەن دادگای سەربازیی عێراقەوە سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێندرا، گوایە سیخوڕی ئیسرائیلە.

دەسەڵاتدارانی عێراق، جەختیان لەوە کردەوە کە سزاکە جێبەجێ نەکراوە. بەڵام لێکۆڵینەوەکانی دواتر لەلایەن حکومەتی هۆڵەندا بە خۆدزینەوە و ڕەتکردنەوە لەلایەن عێراقەوە وەڵامدرایەوە بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەوەی کە ئەرۆنسۆن لە ژیاندایە، داواکارییە دووبارەکانی دەسەڵاتدارانی هۆڵەندا بۆ ڕێگەدان بە نوێنەری باڵیۆزخانەکەیان لە بەغدا بۆ سەردانی ئەرۆنسۆن لە زیندان، لەلایەن عێراقییەکانەوە ڕەتکرایەوە، هەروەها داواکاری هاوشێوەی خاچی سووری نێودەوڵەتیش ڕەتکرایەوە.

ئەو عێراقیانەی لە مانگی مارتی ساڵی ڕابردوودا، ئەرۆنسۆنیان لە گوندێکی کوردنشین دەستگیرکرد، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەو هاوڵاتیەکی ئیسرائیلییە و پێشتر سەرباز بووە لە سوپای ئیسرائیل و خەریکی کۆکردنەوەی زانیاریی هەواڵگرییە بۆ ئیسرائیل. بۆیە ئیدیعایان دەکرد کە دەسەڵاتدارانی هۆڵەندا هیچ پێگەیەکیان لەم بابەتەدا نییە. هەرچەندە، ئەرۆنسۆن لە ساڵانی ١٩٥٠ بۆ ماوەیەکی کورت لە ئیسرائیل ژیاوە، بەڵام ڕەگەزنامەی هۆڵەندییەکەی پاراستووە. دەسەڵاتدارانی ئیسرائیل ڕەتیانکردەوە کە ئەو هەرگیز لە سوپادا بووبێت یان هەرگیز وەک ئاژانسێک بۆ ئیسرائیل دامەزرابێت.

نوێنەری عێراق بانگهێشتی لاهای دەکرێت

لەلایەکی دیکەوە، بەرپرسی کاروباری هۆڵەندی لە بەغدا، جێربێن میهویزن، بۆ ڕاوێژکاریی بانگهێشتی وڵات کرایەوە. وەزیری دەرەوەی هۆڵەندا، ماکس ڤان دێر ستۆیل، کە ئێستا لە سەردانێکی فەرمیدایە بۆ تورکیا، شۆکی دەربڕی بەرامبەر بە لەسێدارەدانەکە و ئاماژەی بەوەدا کە باڵیۆزی عێراق لە وڵاتانی بینێلۆکس- یەکێتی سیاسی و ئابووریی وڵاتانی: هۆڵەندا و بەلچیکاو لۆکسەمبۆرگە کەلە برۆکسل نیشتەجێیە- لە کاتی گەڕانەوەیدا بانگهێشتی لاهای دەکات . بەڵام سەرچاوەکان لێرەدا ئاماژەیان بەوە کردووە کە مەرج نییە ئەمە بەو مانایە بێت کە هۆڵەندا پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ عێراقدا بپچڕێنێت.

ئەرۆنسۆن ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ کاری مرۆیی لە وڵاتانی کەم گەشەسەندوو لە ئەفریقا و ئاسیا. لەگەڵ ئەلبێرت شیفایتزەر لە شاری لامبارێنس و لە بیافرا و گابۆن و هیندستان و پاکستان کاریان کردووە. ناوبراو لە ئەرکێکی پزیشکیدا بوو لەپێناو کورد لە باکووری عێراق، کاتێک لە ٢٤ی مارتی ڕابردوودا دەستگیرکرا، دایک وباوکی و هاوسەرەکەی و منداڵەکانی لە هۆڵەندا دەژین."

ڕۆژنامەی هۆڵەندی "NEDERLANDS DAGBLAD" کە لەرۆژی ١٧ی مارتی ١٩٧٦دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، دوو وتاری سەبارەت بەکەیسی ئەرۆنسۆن گرتۆتەخۆ، وتاری یەکەم لەلاپەڕەی یەکەمدایە و لەژێر ناونیشانی " باڵیۆزی لاهای پاش لەسێدارەدانی ئەرۆنسۆن گەڕایەوە "نووسیویەتی:

" هەواڵی لەسێدارەدانی لیندرت ئەرۆنسۆنی هۆڵەندی لە عێراق، وای لە حکومەتی هۆڵەندا کرد دوێنێ باڵیۆزی وڵاتەکەمان لە عێراق بانگهێشتی لاهای بکاتەوە. جگە لەوەش، پاشنیوەڕۆی ڕابردوو بەڕێز ئیسماعیل سەید ئەلقازی، بەرپرسی کاروباری عێراقی لە هۆڵەندا، بانگهێشتی وەزارەتی دەرەوە کرا، لەوێ وەزیری دەرەوە، لە شۆکی نێوان دەسەڵاتدارانی هۆڵەندا سەبارەت بە لەسێدارەدانەکە ئاگاداری کردەوە .

وتەبێژی وەزارەتی دەرەوە ڕایگەیاند، کە هەموو ئەمانە بەو مانایە نییە کە وڵاتەکەمان پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق بپچڕێنێت. وتەبێژی حکومەتی هۆڵەندا ڕایگەیاند، "دوای بڕیارەکەی عێراق، حکومەتی هۆڵەندا، بەرپرسی کاتی کاروباری عێراقی لە بەغدا، بەڕێز جی میهویزن، بانگهێشتی وڵاتەکەمان کردەوە بۆ ڕاوێژکاری.

بێزاریی

دوێنێ سەرجەم سەرکردەکانی پارتەکان لە ئەنجومەنی نوێنەران (یان جێگرەکانیان) بەیاننامەیەکیان واژۆکرد کە تێیدا ترسناکیی خۆیان لە لەسێدارەدانی ئەرۆنسۆن دەربڕی. لەم بەیاننامەیەدا ئاشکرایان کرد

که لیژنەی هەمیشەیی پەرلەمانی بۆ کاروباری دەرەوە پاشنیوەڕۆی دوێنێ کۆبووەوە بۆ ئەوەی پرسیاری زیاتر لە وەزیر ڤان دێر ستۆیل بکات.

دوێنێ بەرپرسی کاروباری عێراق ڕوونکردنەوەیەکی زیاتری سەبارەت بە ڕووداوەکەی سەبارەت بە ئەرۆنسۆن دا . بەگوێرەی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی فەرەنسا، بەرپرسی کاروباری عێراق وتی: سەلمێنراوە کە لیندن ئەرۆنسۆن هاووڵاتییەکی ئیسرائیلی بووە، لە لایەن دادگای عێراقەوە وەک سیخوڕێکی زایۆنیستی کە زیانێکی زۆری بە وڵاتەکەمان گەیاندووە، سزای لە سێدارەدانی بەسەردا سەپێنراوە و لە سێدارەدراوە. "هەر بۆیە هۆڵەندا هیچ پەیوەندییەکی بەم بابەتە نییە، لەبەر ئەوەی زانرابوو کە خێزانی ئەرۆنسۆن لە هۆڵەندا دەژین، سکرتێری باڵیۆزخانەکە بە هۆکاری مرۆیی بنەماڵەی لە جێبەجێکردنی سزاکە ئاگادارکردۆتەوە".

لە وەڵامی پرسیارێکدا کە ئایا نەریتە ئەو کەسانەی کە گومانیان لێدەکرێت یان سزای سیخوڕییان لەسەرە، ڕێگەیان پێبدرێت پەیوەندییان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی کونسوڵگەریدا هەبێت، بەرپرسی کاروباری عێراق ڕایگەیاند کە ئەمە مەحاڵە، چونکە عێراق لەگەڵ ئیسرائیل لەشەڕدایە...

ڕەگەزنامە

لە وەڵامی ئەو بۆچوونە عێراقییەدا کە ئەرۆنسۆن تەنیا ڕەگەزنامەی ئیسرائیلی هەبووە، لە لایەن سەرچاوەیەکی دەسەڵاتدارەوە لە لاهای ئاماژەی پێکراوە کە ئەگەر دەربکەوێت کە ئەرۆنسۆن جگە لە هۆڵەندی ڕەگەزنامەیەکی دیکەی هەبووە - لەم حاڵەتەدا ئیسرائیلییە - ئەوا لانیکەم ڕەگەزنامەی هۆڵەندی هەبووە. جگە لەوەش هەم خۆی و هەم دایک و باوکی و هەم هاوسەرەکەی و

هەم منداڵەکەی لە هۆڵەندا لەدایکبوون و دەژین و هەروەها ڕەگەزنامەی هۆڵەندییان هەیە.

باوکی لیندن ئەرۆنسۆن سەبارەت بە کوڕەکەی چەندین جار نامەی بۆ شاژن جولیانا نووسیوە. دایکی ئەرۆنسۆن، داوای ڤیزەی کردووە بۆ سەردانیکردنی کوڕەکەی لە عێراق - داواکارییەک کە لەلایەن وەزارەتی دەرەوە لە یاداشتێکدا پێشکەشی باڵیۆزخانەی عێراق کراوە. بەڵام هیچ وەڵامێک بۆ ئەمە نەدرایەوە. کاتێک دایک و باوکی ئەرۆنسۆن لە ١٨ی تەمموزدا بە نووسراو وەزارەتەکەیان لە دیارنەمانی کوڕەکەیان ئاگادار کردەوە، دوایین جار لە کۆتایی مانگی مارتدا لە بەشی کوردنشینی عێراق بینرابوو.

لە ٦ی مارت، جێگری سەرۆک کۆماری عێراق، سەدام حسێن و شای ئێران لەسەر دیاریکردنی سنووری ڕووباری شەتولعەرەب و کۆتایی هێنان بەو شتەی کە پێی دەگوترا "دزەکردن بە ئامانجێکی تێکدەرانە" گەیشتبووە ڕێککەوتن ". ئەمەش بە مانای کۆتاییهاتنی پشتیوانی ئێران لە شێوەی چەک و شارەزا بۆ ڕاپەڕینی کورد کە لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا بە تەواوی دارما. سەربازانی عێراق زۆر بە خێرایی ئەو ناوچەیەیان داگیرکرد کە تا ئەم دواییانە کورد تیایدا حاکم بوو. دەسەڵاتدارانی عێراق وەڵامی ئەو داوایەیان نەدایەوە بۆ ڕوونکردنەوە سەبارەت بە چارەنووسی ئەرۆنسۆن کە لەلایەن بەڕێز . مێهویزن لە شێوەی یاداشتێکدا لە ٣٠ی ئۆگۆستۆس پێسکەسی کردبوو...

ئێستا دەبێت زیاتر لە چوار مانگ لە نادڵنیایی درێژخایەن گریمانە بکرێت کە ئەرۆنسۆنی هۆڵەندی خەڵکی ئۆفاند لە فریسلاند، لە عێراق مردووە. دوای ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەی باڵیۆزخانەی عێراق ڕۆژێک پێش دوێنێ بۆ دایکی، ئیتر ناتوانرێت گومان لەم بابەتەدا هەبێت. دوانزە مانگ تێکەڵاوی ترسناک لەگەڵ ژیانی خەڵک و لەگەڵ هەستی ئازیزەکانیدا کۆتایی هات. بە دەگمەن هۆڵەندای دوای جەنگ گاڵتەیەکی وای بە پێوەرەکانی دادپەروەری و مرۆڤایەتی ئەزموون

کردووه. تەنها دادگاییکردنی یۆنگکار لە ساڵانی پەنجاکان لە ئەڵمانیا، کە لەو کاتەدا هەموو پێکهاتەکانی هۆڵەندیشی داگیرکردبوو، دەتوانرێت بەراورد بکرێت...

ئەو بەربەریزمەی کە عێراق لەم ڕەوتی ڕووداوەکاندا پێشانیداوە پێناسەنەکراوە. تەنانەت ئەگەر بڕوای بەوەش بکرایە کە ئەرۆنسۆن ئیسرائیلی بێت، هیچ حکومەتێک بە هیچ هەستێکی مرۆڤایەتییەوە ڕێگری لە بەرکەوتنی نێوان پیاوێک کە سزای لە سێدارەدانی بەسەردا سەپێنراوە لەگەڵ خێزانەکەی ناگرێت. هەروەها بۆ ماوەیەکی زۆر بە نادڵنیایی تەواو لە ژیان یان مردن خێزانەکەیان بەجێ نەدەهێشت.

ئایا ئەرۆنسۆن سیخوڕ بوو بۆ ئیسرائیل، وەک عێراق بانگەشەی بۆ دەکات؟ ئەو بنەماڵە و ناسیاوانە ڕایانگەیاندووە کە شتێکی لەو شێوەیە بیری لێنەدەکرایەوە. ئێستا کە خۆی لە خۆیدا هەموو شتێک ناڵێت، بە دڵنیاییەوە تا ئەو کاتەی مرۆڤ هێشتا دەتوانێت هیوای ئازادکردنی بخوازێت. بەڵام باری سەلماندن لە لایەنی هۆڵەندیشدا نییە. عێراق کە گرتی و کوشتی، ئەرکی ئەوەی لەسەر بوو کە بەڵگەی تاوانەکەی بە ڕێگەی دادگاییکردنی گشتی بخاتەڕوو. ئەگەر مرۆڤ بەڵگەی پێویستی هەبوایە، نەیدەهێشت دەرفەتی ئەوەی کە جەنجاڵییەکی گەورە لەو بارەیەوە بکات، تێپەڕێت، پێمان وایە. بۆیە دزێوی عێراقی باشترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی تۆمەتبارکردنی ئەرۆنسۆن فیشەکنانە بە تاریکییەوە.

کەواتە بۆچی ئەم ڕێڕەوی ڕووداوە لەڕادەبەدەر سەیرە؟ ڕەنگە ئەمانەی خوارەوە ڕوویدابێت. بە وتەی خوێندکارێکی کورد کە لە ٨ی مارتی ١٩٧٥دا، لە سنووری عێراق و ئێران چاوی بە ئەرۆنسۆن کەوتووە، ئەو لە ٢٤ی مارتدا لەلایەن سەربازە عێراقییەکانەوە تەقەی لێکراوە، لەگەڵ سێ کەسی دیکە. گومانەکە سەرهەڵدەدات کە ئەرۆنسۆن یەکێک بوو لەو سێ کەسە، ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کە بە هەڵە بە کوردێکی یاخیبوو زانرابێت چونکە(جل و بەرگی کوردیی لەبەردا بوو).

له گەڕانەوە بۆ دواوە، ڕەنگە خەڵک هەڵەکەیان دۆزیبێتەوە و پرسیاریان کردبێت کە چۆن لە تەقەکردن لە هۆڵەندییەک دەربچن کە بەبێ هیچ هۆکارێک لەوێ کاری مرۆیی دەکرد. پێدەچێت بۆ دەرچوون لێی، تۆمەتی سیخوڕیکردن بۆ ئیسرائیل لەسەر بنەمای بنەچەی جوولەکەبوونی داهێنرابێت و بەروارێکی خەیاڵی بۆ لەسێدارەدانی ڕەوانەی جیهان کرابێت...

ئێستا هۆڵەندا ناتوانێت هیچی زیاتر بۆ ئەرۆنسۆن بکات. بەڵام پێشێلکردنی ئاشکرای پێوەرەکانی دادپەروەری و مرۆڤایەتی کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دانپێدانراون - هیچ دادگاییکردنێکی گشتی، هیچ هاوکارییەک لە باڵیۆزخانەوە، هیچ پەیوەندییەک بە خێزانەوە - کە بەرامبەر هاوڵاتییەکی هۆڵەندی لە عێراق ئەنجامدراوە، نابێت بێ دەرئەنجام بمێنێتەوە. کاتێک یەکەم ڕاپۆرت سەبارەت بە سزای لەسێدارەدان هات کە ئەنجامدرابوو، کە بە خێرایی هەڵوەشایەوە، هۆڵەندا ناچاربوو نوێنەرایەتی خۆی لە بەغدا بهێڵێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت ئەوەی بۆ ئەرۆنسۆن دەکرێت بیکات. ئەو زەمینەیە ئێستا کۆتایی هاتووە.

پێویستە بۆ گەلانی جیهان و بە تایبەتیش بۆ عێراق ڕوون بکرێتەوە کە حکومەت و خەڵکی هۆڵەندا نایانەوێت هیچ پەیوەندییەکیان بەو حکومەتانەوە هەبێت کە بەم شێوەیە هەڵسوکەوتی خراپ دەکەن. پێویستە بۆ بەرپرسی کاروباری عێراق لە لاهای ڕوون بکەنەوە کە بوونی ئەو وەک نوێنەری حکومەتەکەی لە ناو ئێمەدا چیتر قەدری نازانرێت. ئەگەر چیتر ڕێگەنەدرێت پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان خزمەت بە پاراستنی بەرژەوەندییە جەوهەرییەکانی هاووڵاتییانی دەرەوەی وڵات بکەن، باشترە کۆتایی پێبهێنرێت. یەکێکە لەو کەمترین ئامرازە ڕوونانەی کە حکومەتێک لەبەردەستیدایە بۆ دەربڕینی مەترسیی خۆی و نەک تەنها بە وشە لەسەر ئەو خاڵە بەجێی بهێڵێت.

چونکە ئەوە دوای هەموو ئەو شتانەی کە ڕوویانداوە، بەرگەی ناگیرێت."

وتاری دووەم لەلاپەڕەی شەشەم لەژێر ناونیشانی "دواجار ئەنۆرسۆن لەسێدارەدراوە" بلاوکراوەتەوە کە دەڵێت:" ئێلکس ئەرۆنسۆن هۆلەندی [٤٠ساڵان] کە لە مانگی مارتی ساڵی ڕابردوو لە باکووری عێراق دەستگیرکرابوو، سێ مانگ لەمەوبەر لەسێدارەدرا. سکرتێری باڵیۆزخانەی عێراق لە لاهای بنەماڵەی بەڕێز ئەرۆنسۆنی لەم بابەتە ئاگادار کردووەتەوە .

سەید ئەلقازی، بەرپرسی کاروباری عێراق لە هۆڵەندا، ڕاپۆرتەکەی بۆ وەزارەتی دەرەوە پشتڕاستکردەوە، دوای ئەوەی بنەماڵەی ئەرۆنسۆن پەیوەندییان بە وەزارەتەکەوە کرد، کە پەیوەندییان بە باڵیۆزخانەی عێراقەوە کرد.

ئەرۆنسۆن لە ناوچەیەکدا دەستبەسەرکرا کە تاکو ئەم دواییانە ڕاپەڕینی کوردی تێیدابوو. لە سەرەتادا ئاژانسی هەواڵی عێراقی بڵاویکردەوە، لە ١١ی ئۆکتۆبەردا بە تۆمەتی "سیخوڕیکردن بۆ دوژمنی زایۆنیستی" لە سێدارەدراوە. دواتر، باڵیۆزی عێراق لە هۆڵەندا، دکتۆر غەریب مولود موخلیس، کە لەلایەن وەزیر ڤان دێر ستۆلەوە لە پۆستەکەی لە برۆکسل بۆ لاهای بانگهێشتکرابوو، ڕایگەیاند کە ئەرۆنسۆن هێشتا لە ژیاندایە.

وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی هۆڵەندا ڕایگەیاندووە، حکومەتی هۆڵەندا "بە قووڵی تووشی شۆک بووە" بەهۆی ئەوەی ڕوویداوە. ئەمەش زیاتر لەبەر ئەوەیە کە هیچ ئاماژەیەکی فەرمیی عێراقی نەدرابوو کە ئاماژە بە پێچەوانەی یەکەم ڕاگەیاندنی فەرمی باڵیۆز بکات، کە ئەرۆنسۆن هێشتا لە ژیاندایە. ئەرۆنسۆن لە خوێنی جولەکە بوو و لە کاتی جەنگدا لە دیلێتی لە ئۆردوگای کۆکردنەوەی بێرگن-بێلسن ڕزگاری بوو."

"JTA daily news bulletin " ئەمریکی، کە لە رۆژی١٨ی مارتی ١٩٧٦دا، چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەژێر ناونیشانی :" پەرەگرتنی نارەزایەتییەکان دژی لەسێدارەدان" نووسیویەتی:

" سەرکردەکانی هەموو پارتە سیاسییەکانی هۆڵەندا، ئەمڕۆ بێزاریی و تورەیی خۆیان سەبارەت  بە لەسێدارەدانی جولەکەیەکی لەدایکبووی هۆڵەندا لەلایەن عێراقەوە دەربڕی. لیۆن ئەرۆنسۆن، ئەو وڵاتە تاکو ئەم هەفتەیە پێداگربوو کە ئەرۆنسۆن لە ژیاندا ماوە، هەرچەندە سێ مانگ لەمەوبەر لە بەغدا هەڵواسراوە. لێژنەی هەمیشەیی دەرەوەی پەرلەمانی هۆڵەندا، ژمارەیەک پرسیاری لەبارەی ئەو بابەتە ئاراستەی ماکس ڤان دێر ستۆیل، وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی کردووە کە ئێستا لە سەردانێکی فەرمی بۆ تورکیایە.

عێراقییەکان کە دواجار دانیان بەوەدا ناوە کە سزای لەسێدارەدانیان لە دژی ئەرۆنسۆن جێبەجێ کردووە، بەردەوام جەختیان لەوە کردووەتەوە کە سیخوڕێکی ئیسرائیلییە. ئیسماعیل ئەلقازی، بەرپرسی کاروباری عێراقی لە لاهای، دوێنێ دوای بانگهێشتکردنی بۆ وەزارەتی دەرەوە، بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند: "سەلمێنراوە کە ئەرۆنسۆن هاووڵاتییەکی ئیسرائیلییە و وەک سیخوڕێکی زایۆنیستی کە ئازارو زیانێکی زۆری بە وڵاتەکەم گەیاندووە، لەلایەن دادگای عێراقییەوە سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێندراوە و لەسێدارەدرا"

ئەرۆنسۆن، پیاوێکی پەرستارە ، ژیانی خۆی تەرخان کردووە بۆ یارمەتیدانی نەخۆش و برینداارانی وڵاتانی ناپێشکەوتووی ئەفریقا و ئاسیا و لە ئەرکێکی پزیشکیدا بووە بۆ کورد لە باکووری عێراق کاتێک لە ٢٤ی مارتی ڕابردوو لەلایەن سەربازە عێراقییەکانەوە دەستگیرکرا. دەسەڵاتدارانی هۆڵەندا ئاماژەیان بەوەدا کە تەنانەت ئەگەرئەرۆنسۆن دوو ڕەگەزنامەشی هەبووبێت- و هیچ بەڵگەیەک نییە کە ئەمە پشتڕاست بکاتەوە- هێشتا هاولاتییەکی هۆڵەندا بووە کە تێیدا لەدایکبووە و هاوسەرەکەی و منداڵەکانی و دایک و باوکی لێ دەژین.

ڕۆژنامەنووسێک بیری دێتەوە کە ئەرۆنسۆنی بینیوە

یان بیکمانس، ئەندامی پەرلەمانی پارتی پێشکەوتنخوازی، وەبیری هێنایەوە کە لە مانگی یەکی ساڵی ڕابردوودا کاتێک سەردانی عێراقی کردبوو، لەبارەی ئەرۆنسۆنەوە پرسیاری کردووە. ئاماژەی بەوەشکرد، لەلایەن بەرپرسە جیاوازەکانی عێراقەوە لەو کاتەدا تێگەیشتنیان پێدراوە، لەنێویاندا یاریدەدەری وەزیری دەرەوە، کە ئەرۆنسۆن هێشتا لە ژیاندایە. ئاماژەی بەوەشکرد، دوێنێ زانیویەتی ئەو کەسە سێ مانگ لەمەوبەر لەسێدارە دراوە، تووشی شۆک بووە. بیکمانس وتی کە بە لەبەرچاوگرتنی "کەشوهەوای مرۆیی ئێستا لە عێراق، کە بەدوای نزیکبوونەوەیە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا" لەسێدارەدانی ئەرۆنسۆن سەرسوڕهێنەرە".

ڕەنگە ڕینێکۆ ویلتۆن، ڕۆژنامەنووسێکی هۆڵەندی، یەکێک بووبێت لە دوایین ڕۆژئاواییەکان کە ئەرۆنسۆنی بە زیندووی بینیبێت. ویلتۆن ئەمڕۆ لە چاوپێکەوتنێکی ڕادیۆیی وتی: لە مانگی مارتی ساڵی ڕابردوودا لە کوردستان چاوی پێکەوتووە، کاتێک هێزەکانی عێراق پێشڕەوییان دەکرد بۆ سەر کورد. بە پێچەوانەی هەموو ئامۆژگاریەکەوە، ئەرۆنسۆن بە ئاراستەی نزیکبوونەوەی سەربازە عێراقییەکان دەڕۆیی . ویلتۆن ئاماژەی بەوەشکردووە، ئەرۆنسۆن پاسپۆرتێکی نوێی هۆڵەندیی لەبەردەستدایە بەڵام هەموو بەڵگەنامەکانی فڕێدراوە و جل و بەرگی کوردی لەبەردا بووە.

هاوکات سەید موخلیس، باڵیۆزی عێراق لە وڵاتانی بینێلۆکس کە لە برۆکسل نیشتەجێیە، ئیدیعای کردووە کە تووشی ئەنفلۆنزا بووە و نەیتوانیوە بێتە لاهای کە لەلایەن حکومەتی هۆڵەندا بانگهێشت کراوە سەبارەت بە مەرگی ئەرۆنسۆن."

ڕۆژنامەی هۆڵەندی " De Volskarant " یش کە لە ڕۆژی چوارشەممەی ڕێکەوتی ١٨ ی مارتی ١٩٧٦دا چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لەژێر ناونیشانی "هیچ پەیوەندییەک نەبووە لەگەڵ

ئەرۆنسۆندا، ئۆپۆزسیۆن داوای دیبەیتی تایبەت سەبارەت بەم پرسە دەکات"دەڵێت:

" وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل لە بەیاننامەیەکی فەرمیدا ئێوارەی دوێنێ قووڵترین ترسناکیی خۆی دەربڕی سەبارەت بە "کوشتنی ئەرۆنسۆن , لەلایەن ڕژێمی عێراقییەوە کە خۆی لە هەر ئیدیعایەک پاکتاوکردنی ژیانی بێتاوانەکان، بەتایبەتی گیانی جولەکەکان بەدوور ناگرێت. ". لە بەیاننامەکەدا هاتووە کە درۆیە ئەرۆنسۆن بە هەر شێوەیەک بێت بەناوی ئیسرائیلەوە، بەشداریی لە ئەرکێکدا کردبێت. لە ڕاگەیاندراوە فەرمییەکەدا هاتووە "دەزانین حکومەتی هۆڵەندا هەوڵی داوە بۆ ڕزگارکردنی ئەرۆنسۆن . وەک جولەکەکان ئەو هەوڵانەی کە دراون و ڕەفتاری حکومەتی هۆڵەندا زۆر بەرز دەنرخێنین ".

حکومەتی ئیسرائیل تا ئێستا خۆی لە لێدوانی فەرمی لەسەر دۆسیەی ئەرۆنسۆن بەدوور گرتبوو، بۆ ئەوەی پێشوەختە هەر پێشنیارێک ڕەت بکاتەوە کە ئەمە بەڕاستی سیخوڕێکی ئیسرائیلییە. ئێستا ئۆپۆزسیۆنی لیکود لە پەرلەمانی ئیسرائیل داوای مشتومڕێکی بەپەلەی لەسەر دۆسیەی ئەرۆنسۆن کردووە . ئەندامی پەرلەمان چایم لانداو، یەکێک لە سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆن، ڕایگەیاند کە ئەمانە شێوازی ئاشکرای نازی بوون، ئەرۆنسۆن تەنیا بەهۆی جوولەکەبوونیەوە کوژراوە، بەهۆی نەبوونی بەڵگەوە.

ئەبراهام ئەرۆنسۆن برای ئەو پیاوە لەسێدارەدراوە و لە ئیسرائیل دەژی، دوێنێ ڕایگەیاند کە خێزانەکەی لە چەند مانگی ڕابردوودا داوای یارمەتی و نێوەندگیرییان لە ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کردووە، لەوانە ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی و خاچی سووری نێودەوڵەتی. هەروەها بنەماڵەی ئەرۆنسۆن داوایان لە حکومەتی هۆڵەندا کردووە کە دۆسیەکە لەسەر ئاستی نیشتمانی بگەیەننە دادگای باڵای نێودەوڵەتی لە لاهای. ئەرۆنسۆن لە سەرەتای شەستەکاندا لە ئیسرائیل ژیاوە. بۆیە بە شێوەیەکی فەرمی ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەو بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ڕەگەزنامەی ئیسرائیلی

لەو کاتەدا وەرگرتبێت بەپێی "یاسای گەڕانەوە بۆ جولەکەکان". بەڵام بازنەکانی حکومەتی ئیسرائیل نەیانتوانی شەوی ڕابردوو پشتڕاستی بکەنەوە و نە ڕەتی بکەنەوە کە ئایا ئەرۆنسۆن جگە لە ڕەگەزنامەی هۆڵەندی ڕەگەزنامەی ئیسرائیلی هەیە یان هەبووە. لیندرت ئەرۆنسۆن لە ١١ی ئۆکتۆبەردا لە عێراق بە تۆمەتی "سیخوڕیکردن بۆ ئیسرائیل" سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێندرا. دەوترێت دوای ڕۆژێک لە سێدارەدراوە. تەنیا دووشەممەی ڕابردوو بوو کە ئەمینداری باڵیۆزخانەی عێراق بە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی سادە بنەماڵەی ئەرۆنسۆنی لە بڕیارەکە ئاگادار کردەوە.

به گوێرەی ئەلقازی ڕاوێژکاری کاروباری عێراق ، مەحاڵ بوو ئەرۆنسۆن پەیوەندی بە دەسەڵاتدارانی کونسوڵگەرییەوە بکات، چونکە "عێراق لە حاڵەتی شەڕدایە لەگەڵ ئیسرائیل". دەوترێت کە ئەرۆنسۆن لە ٢٤ی مارتی ساڵی ڕابردوو دەستگیرکراوە. پاسپۆرتی ئیسرائیلی بەناوی ئەلێکساندەر هارون و بەڵگەنامەی ئیسرائیلیی بەدەستەوە بووە.

باوکی لیندرت ئەرۆنسۆن لە ١٨ی جولای گەیشتە وەزارەتی دەرەوە و لە شوێنی کوڕەکەی پرسی. لێکۆڵینەوەکانی باڵیۆزخانەکانی تاران، دیمەشق و ئەنقەرە سەرکەوتوو نەبوون. لە ٣٠ی ئۆگۆستس/ ئابدا، بەرپرسی کاروباری هۆڵەندی لە بەغدا، بەڕێز میهویزن، هەنگاوی فەرمیی لەگەڵ حکومەتی عێراق نا. هیچ وەڵامێک نەبوو.

لە ناوەڕاستی مانگی تشرینی یەکەمدا مێهویزن دیسانەوە بە بێهودە داوای زانیاری کرد. کاتێک هەواڵی سزادان و لەسێدارەدانی ئەرنسۆن بڵاوکرایەوە، وەزیر ڤان دێر ستۆل، باڵیۆزی عێراقی بانگهێشتکرد بۆ ئەوەی شۆکی حکومەتی هۆڵەندای پیشانی بدات. ڕوونکردنەوەیەکی زیاتر دوای سێ ڕۆژ هات کاتێک بەرپرسی کاروباری عێراق "مژدەیەکی خۆش"ی هێنا. هەرچەندە بەپێی پەیامەکە ئەرۆنسۆن سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێنرابوو، بەڵام هێشتا لەسێدارە

نەدرابوو. لەو ساتەوەختەوە مێهویزن هەوڵی بەردەوامیدا، بەڵام لەپەیوەندییکردن سەرکەوتوو نەبوو.

ئاماژەکان

وەزارەتەکە لە لاهای، ئاماژەی بەهێزی هەیە کە ئەرۆنسۆن لە ٦ی ئەم مانگەدا لە ژیاندا بووە، ئەمەش چەندین جار بە زارەکی لەلایەن میهویزن لە بەغدا پشتڕاستکرایەوە. لە مانگی یەکدا، حکومەت لە یاداشتێکدا ئەو زانیارییە زیاترەی بەڵێنی پێدرابوو، بیری بەغدای خستەوە. بەڵام عێراق نەیتوانی ئەو کارە بکات.

ئەرۆنسۆن (٤٠ ساڵ) خێزاندار بووە و خاوەنی چوار منداڵ بووە، سێ منداڵیان بەخێوکراون. لە مانگی مارتی ساڵی ١٩٧٥ بۆ ڕێکخراوێکی فریاگوزاری منداڵان چووە کوردستان. لە ناوچەی سنووری بێ میوانداریدا، ئەو و هاوڕێ بەریتانییەکەی بەهۆی خراپی کەشوهەوا تووشی کێشە بوون. جگە لەوەش ڕاپەڕینی کورد تا ئەم دواییانە لەوێ پەرەی سەند. ئەرۆنسۆن و هاوسەفەرەکەی چاویان لە یەکتر نەما، دوای ئەوەش ئەو هۆڵەندییە لەلایەن سەربازە عێراقییەکانەوە دەستگیرکرا. هاوکارە ئینگلیزەکەی دواتر گەیشتە ئێران."

ڕۆژنامەی "Leeuwarder Courant"یش کە لە ڕۆژی پێجشەممە ڕێکەوتی ١٨ ی مارتی ١٩٧٦دا چاپ و بڵاوکراوەتەوە، دوو وتاری لەلاپەڕەی حەوتەمی ڕۆژنامەکە سەبارەت بەم کەیسەی ئەرۆنسۆن بڵاوکردۆتەوە. وتاری یەکەم لەژێر ناونیشانی : " سەرۆک وەزیران دین ئویل لە هەڵوێستی حکومەتی عێراق توڕەیە .ئەرۆنسۆن بێ دادگا لەسێدارەدراوە" دەڵێت:

" دەسەڵاتدارانی عێراق پەرستاری هۆڵەندی لیندرت ئەرۆنسۆنیان بەبێ دادگاییکردن لەسێدارەدا. دوێنێ، دێن ئویل سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا، لە میانی کۆبوونەوەی کۆمەڵەی ڕۆژنامەوانی بیانی لە لاهای ڕایگەیاند. هەروەک چۆن وەزیری دەرەوە، ڤان دێر ستۆیل،

دوای گەڕانەوەی لە تورکیا کردی، دێن ئویل سەرۆک وەزیران "تووڕەیی قووڵی" خۆی لە هەڵوێستی حکومەتی عێراق دەربڕی. "هەرگیز ڕاستییەکانیان بە نوێنەری دیپلۆماسی هۆڵەندا لە بەغدا نەگوتووە...

وەزارەتی دەرەوە لە لاهای هێشتا نەیزانیبوو کە ئایا بەڕاستی ئەرۆنسۆن بەبێ دادگاییکردن لە سێدارە دراوە یان نا. بەگوێرەی ڕاپۆرتی بەرپرسی بانگهێشتکراوی کاتیی هۆڵەندی لەکاروباری بەغدا، د. گێربن مێهویزن، هیچ شتێک بە دڵنیاییەوە لەم بارەیەوە دیاری نەکرا. دەوترێت مێهویزن لە نێوان سەرەتای مانگی نۆڤەمبەر و ناوەڕاستی مانگی دیسەمبەردا پەیوەندی لەگەڵ ئەرۆنسۆن هەبووە، هەرچەندە بە شێوەیەکی شەخسی نەبووە. لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ڕابردوودا، ڕۆژنامەی عێراقیی بڵاویکردەوە، ئەرۆنسۆن بەهۆی سیخوڕیکردن بۆ ئیسرائیل هەڵواسراوە. ئەم ڕاپۆرتە دوای داوای زانیاری لەلایەن حکومەتی هۆڵەنداوە، لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراقییەوە ڕەتکرایەوە. سزای لەسێدارەدان دانپێدانرا، بەڵام هێشتا جێبەجێ نەکرابوو.

بەپێی ڕاگەیاندنەکانی ئەم دواییەی دەسەڵاتدارانی عێراق، بڕیاربوو ئەرۆنسۆن لە ناوەڕاستی مانگی دیسەمبەر لەسێدارە بدرێت. هەموو ئەم ماوەیە، بەغدا ڕەتیکردۆتەوە هیچ زانیارییەک سەبارەت بەو پەرستارە هۆڵەندییەکە بدات کە لە عێراقدا بە ئیسرائیلی دادەنرێت. ئەو بڕوایە بە هۆڵەندا دراوە، وەک لە وەزارەتی دەرەوەدا دەزانرێت، کە ئەرۆنسۆن هێشتا لە ژیاندایە، بەڵام داوای ڕێگەپێدان لەلایەن مێهویزن بۆ بینینی ناوبراو ڕەتکرانەوە.

کاتێک وەزیری دەرەوە ڤان دێر ستۆیل، پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ پرسیاری لێکرا لە ئەنجومەنی خوارەوە ڕایگەیاند، بانگهێشتکردنەوەی بەرپرسی کاروباری هۆڵەندی دکتۆر گبێرت میهویزن لە بەغداوە هەنگاوێکی زۆر نائاساییە بۆ هۆڵەندا. بەڵام حکومەتی عێراق بە

هەموو ڕوونییەکەوە ئاگادارکراوەتەوە لە هەڵوێستی نەرێنی حکومەتی هۆڵەندا لە دۆسیەی ئەرۆنسۆندا."

بنەماڵەی لیندەرت ئەرۆنسۆن، دوێنێ داوای تەرمی ئەو کارمەندە کۆمەڵایەتییەیان کرد کە لە سێدارەدراوە. بۆ ئەم مەبەستەش نامەیەک بۆ بەرپرسی کاروباری عێراق لە لاهای نێردراوە. ئەندامانی بنەماڵە و ناسیاوەکانی لیندەرت ئەرۆنسۆن دەڵێن تێناگەن بۆچی بەرپرسی کاروباری هۆڵەندا بەڕێز میهویزن نەیتوانی لەم کەیسەدا لەبەغدا هیچ بکات، لە کاتێکدا بۆ نموونە پەرلەمانتاری D'66 بیکمانس، پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ دەسەلاتە باڵاکانی بەغدا هەبووە. دوێنێ باوکی لیندرت ئەرۆنسۆن ڕایگەیاند کە داوای لە سەرۆکوەزیرانی دێن ئویل کردووە شتێک بۆ کوڕەکەی بکات لە چوارچێوەی یەکێتی ئەوروپا و داوای هاوکاری سەرۆکوەزیرانی فەرەنسا بکات کە هاوڕێیەکی زۆر باشی سەرۆک وەزیرانی عێراقە . بەپێی وتەی بەڕێز ئەرۆنسۆن، بەڕێز دێن ئویل وەلامی داواکارییەکەی نەداوەتەوە."

وتاری دووەمی ئەم ڕۆژنامەیە بەناونیشانی " هێشتا پرسیارەکان لەبارەی ئەرۆنسنەوە ماون" دەنووسێت:

